# بۆبی فیشەر فێری شەترەنجت دەکات!



## وەرگێڕان و ئامادەکردنی: محمد محمود ڕەشید

## پێشەکی:

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، شەترەنج یان با بڵێین یاری پاشاکان و مەزنەکان، یاریەک کە چانس هیچ ڕۆڵێکی نیە تێیدا، یاریەکی دوو کەسی ستراتیژیە کە لەسەر بۆردی تایبەتی شەترەنج ئەنجام دەدرێت، یەکێکە لە بەناوبانگترین و بەربلاوترین یاریەکانی جیهان و لەلایەن ملیۆنەها یاریزانەوە لەسەرانسەری جیهاندا یاری پێدەکرێت لە پارکەکان و یانەکانی تایبەت بە شەترەنج و لەسەر هێڵ و ساڵانە چەندین پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی بۆ بەڕێوەدەچێت، ئەگەر باسی سوودەکانی و کاریگەری ئەرێنی لەسەر مێشک و زیادکردنی توانای بیرگە و بڕیاردان و متمانە بەخۆبوون و چارەسەری کێشەکان بکەم بۆتان ئەوا ڕەنگە کتێبێکی تایبەتی بوێت، بەڕاستی من وەک خۆم یاریزانێکی هێندە ئاست بەرز و نایاب نیم بەڵام ئەوکاتەی کە ئەمویست خۆم فێری شەترەنج بکەم زۆر ئەگەڕام بەدوای سەرچاوەیەک کە بەزمانی شیرینی کوردی بتوانم سوودی لێ ببینم بەڵام یان نەبوو یان هەر زۆر کەم و دەگمەن بوو بۆیە ناچار بەسەرچاوەی ئینگلیزی و عەرەبی هەرچۆنێک بێ خۆم فێرکرد، بەڵام نامەوێ هەمان شت ڕووبداتەوە بۆ هەر کوردێکی تری وەک من کە بیەوێت فێری شەترەنج ببێت بۆیە بڕیارمدا کە ئەمە بکەمە بەرهەمێکی بچووک و کتێبێک بەشێوەی «pdf» یان کتێبی ئێلێکترۆنی بنووسم و وەربگێرم و بە زمانی کوردی بڵاوی بکەمەوە تا هەموو کوردێک سوودمەند ببێت و بێبەش نەبێت لەم یاریە ناوازەیە، کاتێکیش ئەم کتێبەم بینی لە ئینتەرنێت بەلامەوە زۆر شتێکی بەسوود بوو چونکە وەک فیشەر خۆی دەیڵێت جیاوازە لە کتێبەکانی تری شەترەنج و ئەتوانی بڵێیت ئەو ووشکیەی کە زۆربەی کتێبەکانی تری شەترەنج هەیانە ئەمە نیەتی و بەڕاستی فێرکردنت لەسەر ئاسان ئەکات چونکە بە وێنە هەموو شتەکان ڕوون کراوەتەوە و نووسینی کەم تیایە کەکاتێکی زۆر باشت بۆ ئەگێڕێتەوە، لەپاڵ وەرگێڕان و ئامادەکردنیدا منیش لەگەڵ تۆی خوێنەر فێردەبم و باشتر دەبم، هیوادارم بتوانم سوودێکی ئەگەر کەمیش بێت بیگەیەنم بە فێرخوازانی کورد و کەلێنێکی ئەگەر بچووکیش بێت پێی پڕبکەمەوە لە بەرهەم و سەرچاوە کوردیەکانی شەترەنج. محمد محمود ڕەشید

## ووتەیەک لە بۆبی فیشەرەوە:

ئەم کتێبەم نووسیوە بۆئەوەی یارمەتی تۆ بدات کە بە باشتر یاری شەترەنج بکەیت، تۆ هەرجۆرە یاریزانێک بیت ئەم کتێبە یارمەتیت دەدات ئیتر ئەگەر هەڕەمەکی یاری ئەکەیت و بەباشی هێما و جووڵەکانی شەترەنج نازانیت یان هەر بەهیچ جۆرێک نازانی یاری بکەیت تەنانەت ئەگەر خۆشت کەسێکی بە ئەزموونیش بیت و بەژداریت لە پاڵەوانێتی شەترەنج کردبێت.

بۆ ئەوانەی کە تازەن لەم یاریەدا و سەرەتایانە پێشەکیەکم داناوە لەسەر چۆنیەتی جوڵەکان بۆیە دوای خوێندنەوەی ئەو پێشەکیە بەئاسانی دەتوانیت بەردەوام بیت لەگەڵ

کتێبەکەدا، هەرچۆنێک بێت کەمێک لەڕاهێنان سوودی هەر دەبێت ئەگەر بۆ یەک دوو یاریش بێت.

ئەم کتێبە شێوازو کۆمەڵە باوەکانی ماتکردنی «پاشا یان مەلیک یان (شا)» فێری تۆ دەکات، لەبەرئەوەی کە ماتکردنی شا ئامانجی سەرەکی یاریەکەیە بۆیە پێم وایە کە بنچینەیی و سەرەکەی ترین بابەتە لە شەترەنجدا بۆ فێربوون، ئەم کتێبە دەستدەکات بە ماتکردنی شا لە یەک جوڵەدا و دواتر ئەم بیرۆکەیە پەرەی پێدەدرێت و گەشەئەکات بۆ ماتکردن لە دوو یان سێ یان چوار جوڵەدا، وە دەتوانی ئەم شێوازانەی ماتکردن ببینیت و جێبەجێیان بکەیت لە یاریەکانی خۆتدا.

بە شێوازێکی ئاسایی زۆربەی کتێبەکانی شەترەنج دەتخاتە ڕۆڵێکی نەرێنیەوە چونکە وا لێت چاوەڕوان دەکرێت کە هەموو بابەتەکانی بخوێنیت و لەبەریان بکەیت و لەبیرت بێت بەڵام ئەم کتێبەی من بابەتەکانت پێشکەش دەکات وەک مامۆستایەکی تایبەت و داوات لێدەکات کە ئەم بیرۆکانە بەکاربهێنیت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و چالاکانە لەڕێگەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانەوە کە تێیدایە، دوای وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارێک زۆر بەسادەیی وەڵامە ڕاستەکە دەدۆزیتەوە لەگەڵ شیکردنەوەکەی لە لاپەڕەی دواتر، بەم ڕێگایە بابەتەکان بەتەواوی تێدەگەیت و فێر دەبیت.

سیستەمی بەکارهاتوو لەم کتێبەدا بیرۆکەیەکی تازەیە لە فێرکردندا کە پێشتر لە بواری پیشەسازی و خوێندنگەکان بەکارهاتوە و ئەنجامی نایاب و سەرکەوتووی هەبوە، تۆ ئەتوانی بە شێوەیەکی خێرا زانیاری و بابەتەکان وەربگریت و فێریان ببیت زۆر باشتر لە کتێب و وانە سەرەتاییەکان، تەنانەت ئەوانەش کە سەرەتایانە ئەتوانن ئەوەی من فێریان ئەکەم بێتەوە یادیان و ڕاستەوخۆ بەکاری بهێنن، ئەم کتێبە دوو شت بۆ تۆ دەکات یەکەم فێرت دەکات کە چۆن کێشەکان یاخود حاڵەتەکانی شەترەنج بەباشتر شیبکەیتەوە ، دووهەم ئەوەیە فێرت دەکات کە چۆن بە خێرایی و لەماوەیەکی کەمدا جوڵەی گونجاو و ڕاست بدۆزیتەوە هەندێ کات لەچەند چرکەیەکی کەمدا، ئەم کتێبە چەندین حاڵەتی تێدایە بۆئەوەی ڕاهێنانی لەسەر بکەیت سەرەتا بەوە دەستپێدەکەیت کە بزانی ئایا لە چ کاتێکدا ماتکردن دەبێت و ڕوودەدات وەچۆن بەجێی بهێنیت، تەنیا دڵنیابە لەوەی کە لەسەرەتاوە دەستپێبکەیت و هەنگاو بە هەنگاو بەناو کتێبەکەدا تێپەڕیت، ئەتوانی بەردەوام کتێبەکە لەگەڵ خۆتدا هەڵگریت هەرکات دەرفەت هەبوو بیخوێنیتەوە و سەیری وێنەکان بکەیت، پێویستت بە بۆردی شەترەنج و پارچەکانی نیە بەڵکو تەنها پێویستت بە هەندێ کاتی کەم هەیە تەرخانی بکەیت بۆ ئەم کتێبە، دوای ئەوەی ئەم کتێبەت تەواوکرد ئەتوانی بۆردێکی شەترەنجی بچووکی هەرزان بەها بکڕیت، یاری شەترەنج لەهەموو شوێنێک ئەکرێت لەسەر کورسی و مێزی باخەکان یان لە زانکۆ و قوتابخانەکان یاخود لە نادیەکانی شەترەنج و سەربازگەکان و تەنانەت لەناو زیندان و بەرێگەی پۆستەش، پاش تەواو کردنی ئەم کتێبە هیچ کێشەیەکت نابێ لە تێگەشتن لەم یاریە وە من هیوام وایە ئەم کتێبە یارمەتی هەموو کەسێک بدات بۆئەوەی چێژ لەم یاریە سەرنجڕاکێشە وەربگرێت.

# کورتەیەک لەسەر ژیانی بۆبی فیشەر

ڕۆبەرت جەیمس فیشەر لە ٩/ ٣/ ١٩٤٣ لەشیکاگۆ لەدایک بووە، لە برۆکلین گەورەبووە و پێگەشتوە، کاتێک کە شەش ساڵان بوو جۆون ـی خوشکی شەترەنجێکی کڕی و پێکەوە جوڵەکان فێربوون لەو ڕێنماییانەی کە تێیدابوو، گەشەکەردنی بۆبی فیشەر لە شەترەنجدا بێهاوتا بوو، لە ١٣ساڵیدا ناوبانگی نێودەوڵەتی بەدەست هێنا بەبردنەوەی لەو یاریەی کە ناودەبرێت بە یاری سەدە، لەساڵی ١٩٥٧ بۆ یەکەمجار پاڵەوانێتی شەترەنجی ویلایەتە یەکگرتوەکانی بردەوە کە لەوکاتەیا تەمەنی ١٤ ساڵان بوو، وە بۆ ماوەی ٤ ساڵ بردنەوەی بەدەست هێنا لەهەموو پێشبڕکێ تاکەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان، لەساڵەکانی ١٩٦٣ و ١٩٦٤دا بۆبی کارێکی پاڵەوانانەی کرد کە پێشتر شتی لەوجۆرە ڕووی نەدابوو کەئەویش ئەوەبوو لە پاڵەوانێتی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا ١١ یاری بردەوە بەبێ هیچ دۆڕان یان یەکسان بوونێک! ، لە ساڵی ١٩٦٥ بۆبی توانایەکی گەورەی بەرگەگرتنی پیشاندا لە پاڵەوانێتی (یادی کاپابلانکا)دا وە بەهۆی گرانی کاروباری گەشتکردن بۆ کوبا لەڕێگەی نامەی تێلێگرافیەوە یاری لەگەڵ بەرامبەرەکانیدا کردوە کە ئەوە بێگومان لە قورسترین یاریەکان بووە، لە ساڵی ١٩٧٠ بەناوبانگترین گەشت لە مێژووی شەترەنجدا دەستی پێکرد کە بۆبی ٧ یاری یەک لەدوای یەکی بردەوە لەیاریە جیهانیەکان دوای ئەوە لە ئایاری ١٩٧١ ڕووبەڕووی یاریزانی ڕوسی مارک تایمەنۆف بوویەوە لە جێمەکانی پاڵەوانێتی جیهان بە ئەنجامی ٦ بە ٠ بۆبی بردیەوە، دوای ئەوانە بۆبی لەگەڵ پاڵەوانی پێشووی جیهان ڕووبەڕوو بوویەوە لە (بیۆنس ئایرس) کە یاری یەکەمی بردەوە و دوای ئەوە تووشی هەلاّمەت بوو یاریەکی دۆڕاند کە ئەمە تا کاتێکی کەم بووە کێشە بۆی تا ئەوکاتەی هێزی هاتەوە بەر، ئەنجامەکانی ٢بە٢ بوو لەگەڵ ١ یەکسانبوونیش بەلاّم کە چاک بوویەوە چوار یاری کۆتایی بردەوە و ئەنجام بوو بە ٦ بە ٢ و ١ یەکسان بوون، لەنیوەی ساڵی ١٩٧٢دا ڕووبەڕوو بوویەوە لەگەڵ پاڵەوانی جیهان (بۆریس سپاسکی) کە بە ئەنجامی ٧ بە ٢ و ١١ یەکسانی بۆبی بووە خاوەنی نازناوی پاڵەوانی جیهان!

لە ١٧ـی کانوونی دووهەمی ساڵی ٢٠٠٨ بەهۆی نەخۆشی لەکارکەوتنی گورچیلەوە لەتەمەنی ٦٤ ساڵی لە نەخۆشخانەی (ریکیافیک لە ئایسلەندا) گیانی لەدەستا، ئەگەر لەمێژووی شەترەنجدا چەند یاریزانێک هەڵبژێردرێت ئەوا بێگومان (ڕۆبەرت جیەمس فیشەر) یەکێک دەبێت لەوان.

# پێشەکی چۆن یاری شەترەنج دەکەیت؟

ئەم بەشە ئارەزوو مەندانەیە بۆ ئەو خوێنەرانەیە کە بەهیچ جۆرێک نازانن چۆن یاری شەترەنج بکەن وە بۆ ئەوانەش کە ئەیانەوێت چاوێک بگێڕنەوە بە جوڵەکاندا، ئەگەر تۆ خۆت ئاشنای بە چۆنیەتی جوڵەی داشەکان و ئەزانی چۆن یاری شەترەنج بکەیت ئەوا ئەتوانی ئەم بەشە بپەڕێنیت و بچیتە لاپەڕە (١٩) (بەشی یەکەم)

## بۆردی شەترەنج و داشەکان:

یاری شەترەنج لە لایەن دوو کەسەوە دەکرێت کە بەسەرە جوڵە بە داشەکان ئەکەن لەسەر بۆردی شەترەنج کە پێکهاتوە لە ٦٤ خانەی ڕەش و سپی یان تاریک و ڕووناک کە هەشت ڕیزی هەشت خانەیی پێکدێن، پێویستە بۆردی شەترەنجەکە بە شێوەیەک دابنرێت کە یەکەم خانەی دەستەڕاستی هەردوو یاریزان ڕەنگی سپی بێت.




**بۆردی شەترەنج**

# داشەکان:

**پارچە یاخود داشەکانی شەترەنج دوو ڕەنگی ڕەش و سپی[1] یان تاریک و ڕووناکیان هەیە و کۆی گشتی داشەکان ٣٢ داشە و هەر یاریزانێک خاوەنی ١٦ داشە.**




**داشەکانی شەترەنج**

[1] «تێبینی وەرگێڕ: لەم کتێبەیا من لەجێی ڕەش سەوزم داناوە و داشەکان شێوازێکی 3dیان هەیە بۆئەوەی لەکاتی خوێندنەوە و سەیرکردنی ئەم کتێبە ئاسوودەبیت»

# چۆنیەتی دانانی داشەکان لەسەر بۆردەکە:

**وەزیر لەسەرەتای یاری لەو خانەیە دائەنرێت کە ڕەنگی لەخۆیەتی و شاش لە تەنیشتی، ئەوانیتریش بەو جۆرەی وێنەکە دادەنرێن، هەمیشە سپی خاوەنی جوڵەی یەکەم ئەبێت و دەست دەکات بەیاری.**



# چۆنیەتی جوڵە و خواردنی هەریەک لە داشەکان:

**جوڵە: واتە گواستنەوەی داشێک لە خانەیەکەوە بۆ خانەیەکی تر.**

**خواردن یاخود گرتن: واتە لابردنی داشێک لەداشەکانی بەرامبەرەکەت لەسەر بۆردەکەو داگیرکردنی ئەو خانەیەی کە لەسەری بووە بە یەکێک لە داشەکانی خۆت، بێگومان ناتوانی داشەکانی خۆت بخۆیت.**

# هێز و توانا و جوڵەی داشەکان:

**بێگومان هەر داشێک و جوڵەی تایبەتی بە خۆی هەیە بەم شێوەیە:**

**شا: ئەتوانێ بجوڵێ و بخوات لەدووری خانەیەک بەهەموو ئاڕاستەیەکی دەوری خۆیدا ، ناتواننێ بچێتە خانەیەک کە لە لایەن داشەکانی بەرامبەرەوە هێرشی لەسەربێت وە ناشتوانێ بچێتە خانەیەک کە بەیەکێ لەداشەکانی خۆی گیرابێت، وەک وێنەکان..**



**لێرەیا شا ئەتوانێ بچێتە ئەوخانانەی کە نیشانەی xیان لەسەرە**




**شا بەم جۆرە دەخوات**




FB: Madara Kurdish


**وەزیر: ئەتوانێ بۆ هەموو ئاڕاستەکان و بۆ هەر دووریەک بیەوێ بجوڵێت و بخوات تەنها مەگەر بە داشێکی تری خۆی گیرابێت.**



**وەزیر ئەتوانێت بچێتە هەموو ئەو خانانەی کە دیاریکراوە بە بازنە**



**وەزیر ناتوانێ بچێتە ئەو خانەیەی کە بە قەڵای خۆی واتە سپی گیراوە و ناشتوانێ بچێتە خانەکانی دوای ئەو**




**وەزیر ئەتوانت فیلی ڕەش بخوات و بچێتە جێگاکەی بەڵام ناتوانێ بچێتە خانەکانی دوای فیل**

**قەڵا: ئەتوانێ بجوڵێ و بخوات بەشێوەی ستوونی و ئاسۆیی واتە وەک نیشانەی + بۆ هەر دووریەک کە بیەوێت تەنها مەگەر بە داشێکی تری خۆی گیرابێت.**


**قەڵا ئەتوانێ بۆ ئەو خانانە بڕوات کە دیاری کراوە**



**قەڵا بەم جۆرە داشەکانی بەرامبەر ئەخوات و**



**جێگەکەی داگیر ئەکات**




**فیل: تەنها ئەتوانێت بەشێوەی لێکدان(زەڕبی) بجوڵێ و بخوات...**



**فیل ئەتوانێ بۆ ئەو خانانە بجوڵێت کە دیاری کراوە**




**فیل بەم جۆرە داشەکانی بەرامبەر ئەخوات و**




**جێگەکەی داگیر ئەکات**

**بەهۆی ئەوەی کە فیل ناتوانێ بە ئاسۆیی و ستوونی بجوڵێت و تەنها بە لاری ئەجوڵێ ئەوا هەمیشە لەسەر ئەو خانانە ئەبێ کە ڕەنگی لەخۆیەتی واتە فیلی سپی لەسەر خانەی سپی و ڕەشیش لەسەر خانەی ڕەش ئەجوڵێن.**


**ئەسپ: جوڵەی ئەسپ کەمێک لەوانیتر جیاوازترە و شێوازێکی خوارو خێچی هەیە و زۆرێک لەوانەی کە سەرەتایانە لە شەترەنجا لە جوڵەی ئەسپ هەڵە ئەکەن و سەریان لێ تێک ئەچێت بۆیە من بە ٣ ڕێگا ڕوونی ئەکەمەوە:**



**١.ئەسپ دەجوڵێت خانەیەک بە لاری و خانەیەک یان بە ئاسۆیی یان بە ستوونی لەهەمان ئاڕاستە بەو جۆرەی وێنەکە، ئەتوانێ بچێتە خانە دیاریکراوەکان**



**٢.ئەسپ بەشێوازی پیتی L ـی ئینگلیزی دەجوڵێت لەسنووری سێ ،،خانە بەدرێژی و یەک خانە بەپانی بەهەموو ئاڕاستەکاندا، دەتوانێ بچێتە خانەکانی X**



**٣.ئەسپ دەجوڵێت بۆ ٨ خانە کەچواردەوری ئەسپەکەیان داوە و ناکەونە سەر خەتەلارەکانی تەنیشتی و ناشکەونە سەر ئەو ستوونە ڕیزەی کە ئەسپەکەی لەسەرە، هەمیشە ئەسپ ئەچێتە سەر خانەی ڕەنگێکی جیاواز لەوەی خۆی، واتە لەسەر سپی بێت ئەچێتە سەر ڕەش و بەپێچەوانەش، ئەتوانێ بچێتە سەر ئەوخانانەی نیشانەی بازنەیان لەسەرە**



**ئەسپ تەنها داشێکە کە ئەتوانێ بازبدات بەسەر داشەکانی تردا جا لەڕەنگی خۆی بن یان جیاواز، بۆنموونە لەسەرەتای یاریەوە ئەتوانی بەم جۆرە ئەسپەکان دەربکەیت**




بێگومان هەر داشێکی بەرامبەر بکەوێتە
سەرخانەکانی سنووری ئەسپ ئەتوانێ بیخوات و




جێگەکەی داگیربکات

سەرباز: تەنها داشێکە کە بەجۆرێک دەجوڵێت و بەجۆرێکی تر دەخوات وە بۆی هەیە
بەرەو پێش بجوڵێت بەڵام بۆی نیە بگەڕێتەوە دواوە:




**هەرسەربازێک تەنها لە جووڵەی یەکەمی بۆی هەیە دوو خانە یان یەک خانە بجوڵێت پاشان خانە خانە بەرەوپێش ئەجوڵێت:**

لەجووڵەی یەکەمی ئارەزوومەندانە ئەتوانێ بچێتە خانەی ١ یان ٢ بەڵام دوای جوڵەی یەکەم خانە خانە ئەڕوات



سەرباز بەم جۆرە داشەکانی بەرامەبەر بەشێوەی لەسەر لا و بۆ پێشەوە دەخوات




لێرەدا سەربازی سپی ئەتوانێ ئەسپی ڕەش بخوات بەڵام ناتوانێ بەرەوپێش بجوڵێ چونکە بەردەمی بە فیل گیراوە، هەردوو سەربازی لای ڕاستی بۆردەکە هیچکامیان ناتوانن بەرەوپێش بجوڵێن چونکە بەردەمی یەکتریان گرتوە



سەربازیش وەک ئەوانیتر ئەتوانێ داشەکانی بەرامبەر بخوات و بچێتە جێگەکەی




بەخواردنی هەر داشێک سەرباز ئەچێتە سەر ڕێگەیەکی نوێ و بەردەوام ئەبێت لەسەری مەگەر داشێکی تر بخوات و دیسان ڕێگەکەی بگۆڕێت




# چەند جوڵەیەکی تایبەت:

(١)تەبییت یاخود ماڵکردن: ماڵکردن لەلایەن شا و یەکێک لە قەڵاکانەوە ئەنجام دەدرێت، جوڵەیەکە تێیدا ڕێگە بە شا دەدرێت کە بچێتە شوێنێکی سەلامەت و پارێزراو و دوور لە هێرشی لایەنی بەرامبەر و تێیدا دەحەوێتەوە و لەهەمان کاتیشدا یەکێک لە قەڵاکان ڕێگای بۆ خۆش ئەکرێت و بەو هۆیەوە ئاسانتر دێتەدەرەوە، ماڵکردن تەنها جوڵەیەکە کە تێیدا دوو داش لەیەک کاتدا دەجوڵێت:



پێش ماڵکردن بە ئاڕاستەی شا، تێبینی ئەوە بکە کە شا دوو خانە دەجوڵێت و قەڵاش دێتە تەنیشتی لە لایەکەی تری




پاش ماڵکردن



پێش ماڵکردن بە ئاڕاستەی وەزیر



پاش ماڵکردن



بێگومان بۆ ڕەشیش بەهەمان شێوەیە

لەم چوار حاڵەتە ڕێگە بەماڵکردن نادرێت:

١.کاتێک شا لە حاڵەتی (کش)دابێت واتە لەژێر هێرشی یەکێ لەداشەکانی بەرامبەر بێت
٢.نابێ پێشتر شا و ئەو قەڵایەی کە ماڵکردنی لەگەڵ ئەکرێ جوڵابن
٣.نابێ هیچ داشێکی تر هەبێ لەنێوان شا و ئەو قەڵایەی کە ماڵکردنی لەگەڵ ئەکرێ
٤.کاتێک کەخانەیەک لەڕێگەی شا دایە بەرەو ماڵکردن و هێرشی لەسەر بێت



لەم حالەتەدا شای سپی بۆی نیە ماڵکردن بکات چونکە فیلی ڕەش هەڕەشەی هەیە لەسەر ئەو خانەیەی کە لەڕێگەیدایە بۆ ئەنجامدانی ماڵکردن لەلای شا، لای وەزیریش بەهەمان شێوە قەڵای ڕەش ڕێگرە لە ماڵکردن

## (٢)پلە بەرزکردنەوەی سەرباز:

کاتێک سەرباز دەگاتە خانەی هەشتەمی لایەنی بەرامبەر ئەوا خەڵات دەکرێ بەوەی کە پلەی بەرز ئەبێتەوە بۆ یەکێک لەداشەکانی تر و یاریزان بەئارەزومەندانە هەڵئەبژێرێت کە ببێتە چی، واتە ئەبێتە وەزیر یان قەڵا یان ئەسپ یان فیل لەهەمان ڕەنگی خۆی.

## (٣)خواردن بە تێپەڕاندن:

ئەمە توانایەکی تایبەتە بە سەرباز کەدەتوانێت سەربازی لایەنی بەرامبەر بخوات بە تێپەڕاندن، کاتێک ئەمە ڕوودەدات کە بۆ نموونە سەربازێکی تۆ لە ڕیزی چوارەمی بەرامبەرەکەتدابێ و ئەو سەربازانەی لایەنی بەرامبەر کە هێشتا نەجوڵاون و جوڵەی یەکەمی خۆیان نەکردوە و بۆیان هەیە دوو خانە یان یەک خانە بجوڵێن ئەوا ئەگەر دوو خانە جوڵان و بەتەنیشت سەربازەکەی تۆیا تێپەڕین بۆت هەیە بە شێوەی تێپەڕاندن بیخۆیت، بەم جۆرە:




| | | |
|---|---|---|
| سەربازێکی ڕەش لە ڕیزی چوارەمی سپیدایە | ئەگەر بەم جۆرە سپی ویستی بەتەنیشتیا بڕوات و تێی پەڕێنێت... | ئەوا بەمجۆرە ڕەش ئەتوانێ بە تێپەڕاندن بیخوات |


ئەگەر ڕاستەوخۆ لەم جوڵەیەدا خواردن بە تێپەڕاندن ئەنجام نەدرێ و جوڵەی تر بکرێت ئەوا دواتر بۆی نیە ئەنجامی بدات.

## (٤)نرخی هەریەکە لەداشەکان:


هەموو داشێک نرخێکی ڕێژەیی تایبەتی خۆی هەیە پێویستە بیانزانیت بۆئەوەی لەکاتی یاریکردنت داشێکی بەنرخ نەگۆڕیتەوە بە داشێک کەنرخی لەوەی خۆت کەمتر بێت و بەرەو دۆڕاندنت ببات، بەگشتی نرخی داشەکان بەم جۆرەیە:



شا نرخی بێکۆتایە



وەزیر = ٩




قەڵا = ٥



فیل = ٣.٢٥



ئەسپ = ٣



سەرباز = ١

کە شات لەدەستدا ئەوا یاریەکەت دۆڕاندوە.

# بەشی یەکەم
# پێکهاتە بنچینەییەکانی کش و مات

### چۆن ئەم کتێبە بەکار ئەهێنیت؟

لەکاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا نەمدەویست کە کتێبێکی ئاسایی شەترەنج بنووسم بۆیە ڕێگایەکی نوێم بەکارهێناوە کە ناودەبرێت بە (فێرکردنی بەرنامە بۆداڕێژراو\ Programmed instruction ) لەبریتی پێشکەشکردن و دانانی بڕێکی زۆر لەزانیاری کەپێویستی بە تێگەیشتن و دەرخکردن بێت، وە ئەم کتێبە بەرنامەیەکی تەواوە، ئەم بەرنامەیەش پێکهاتوە لە زنجیرەیەک لە زانیاری ئاسانکراو و دانراو لەوێنەدا، لەهەموو وێنەیەک زانیاری هەیە کە پێویستی بە وەڵامدانەوەیە لەلایەن تۆی خوێنەرەوە، لە هەندێک لەوێنەکان داوات لێ ئەکرێ کە بگەڕێی بەدوای وەڵامەڕاستەکەدا و لەهەندێکیان داوات لێئەکرێ کە وەڵامی ڕاست لەڕستەیەکدا ڕوون بکەیتەوە، وە لەزۆربەی وێنەکاندا داوات لێئەکرێ بە تیرێک جوڵەی ڕاست دەستنیشان بکەیت، وەڵامی ڕاست بۆ هەموو وێنەکانیش دانراوە لە شوێنی تایبەتی خۆی لەلاپەرەی دواتر، بەم ڕێگایە دەتوانیت وەڵامەکەی خۆت لەگەڵ وەڵامی ڕاست بەراورد بکەیت دوای ئەوەی کە خۆت هەوڵتداوە بیدۆزیتەوە، کاتێک لەم کتێبە تەواو ئەبیت خۆت دەبینیتەوە لە حاڵەتێکدا کە بەرامبەرەکانت دەبەزێنیت بە کۆمەڵە جوڵەیەکی نوێی ماتکردن کە پێشتر شتی وایان نەدیوە و پێی ئاشنا نین، هیوادارم کاتێکی خۆش بەسەربەرن لە فێربوونی شەترەنج لەگەڵ (بۆبی فیشەر)دا.



**شێوازی دانانی بۆرد و داشەکان لەسەرەتای یاری بەم جۆرەیە و لەهەموو وێنەکانی ئەم کتێبە بەم جۆرە ڕەش لەسەرەوەیە و سپی لەخوارەوە دانراوە:**




**ئەگەر خۆت چەند جارێ یاری شەترەنجت کردوە و دڵنیایت لە کش و مات تێگەیشتوویت ئەوا بچۆرە لاپەڕە (٣٨)ـی کتێبەکە و ڕاستەوخۆ دەستبکە بە بەرنامەکە، ئەگەر زانیت قورسە و لێی تێناگەیت ئەوە بگەڕێرەوە بۆ ئێرە.**

# بابەتی شترەنج:

**بابەت و ئامانجی شەترەنج بریتیە لە هێرشبردن بۆ سەر شای بەرامبەر بەهەر ڕێگەیەک بێت بەجۆرێک نەتوانێ لە خواردن هەڵبێت، کاتێکیش ئەمە ڕوودەدات شا دەمرێت و یاریەکە کۆتایی دێت، کاتێک شا دەکەوێتە ژێر هێرش پێی دەوترێ (کش)، پێویستە هێرشەکە بووەستێنرێت بۆ بەردەوامبوونی یاریەکە، سەیری ئەم وێنەیە بکە:**




**وێنەی (١)**
**شای ڕەش لەژێر هێرشدایە**

**قەڵای سپی هەڕەشە لە شای ڕەش دەکات و خستویەتیە ژێر هێرشەوە واتە شای ڕەش کشە، سێ ڕێگا هەیە بۆ وەستاندنی کش:**

**١.خواردنی ئەو داشەی کە کشەکەی کردوە، لێرەدا فیل ئەتوانێ قەڵا بخوات. (تیری ١)**
**٢.داشێک بێە نێوان شا و ئەو داشەی کە کشی کردوە و بەری کشەکە بگرێت، لێرەدا قەڵا ئەتوانێ بەری کشەکە بگرێت. (تیری ٢)**
**٣.لابردن و ڕاکردنی شا بۆ خانەیەکی سەلامەت و دوور لە کش. (تیری ٣)**

**(«ئەگەر لەکاتی کشدا هیچ کام لەمانە نەکرا..واتە ئەو داشەی کەکشەکەی کردوە نەخورێت و هیچ داشێک نەبێ بەر لەکشەکە بگرێت و شا هیچ خانەیەکی سەلامەت نەبێ بچێت بۆی ئەوا «کش مات» ڕووی داوە و یاریەکە تەواو بووە و دۆڕاویت!») ئێستاش بە ووردی باسی ئەم ڕێگایانە دەکەین...**

سەیری ئەم وێنەیە بکە:



وێنەی (٢) کش و مات

لەم حاڵەتە شای ڕەش ناتوانێ وەزیر بخوات کەکشی کردوە چونکە بە قەڵا پارێزراوە، «هەر داشێک بەداشێکی تر پارێزراوبێت شا بۆی نیە بیخوات» ، هەروەها شای ڕەش هیچ داشێکی تری نیە کە بەری کشەکە بگرێت و خانەکانی چواردەوری هەمووی بە وەزیر گیراوە بۆیە ناشتوان لەدەست کش ڕابکات، کەواتە شای ڕش کشە و هیچ ڕێگەیەکی دەربازبوون و بەرگریکردنی نیە بۆیە دەڵێین کش و مات ڕوویداوە و شای ڕەش مردوە و یاریەکە بە بردنەوەی سپی کۆتایی هاتوە. وێنەی ٢ و ٣ بەراورد بکە:



وێنەی (٣) ئێستا سەرەی ڕەشە بجوڵێت، ئەتوانێت چی جوڵەیەک بکات؟

لە وێنەی (٢)دا ڕەش کش بوو هیچ ڕێگایەکی دەربازبوونیشی نەبوو بۆ جوڵان بەڵام لەم وێنەی (٣)ـەدا ڕەش کش نیە و هەر جووڵەیەکیش بکات ئەکەوێتە بەر کشی وەزیر! وە سەربازە ڕەشەکەش بەردەمی بەسەربازی سپی گیراوە و ئەویش ناتوانێ بجوڵێت، کەواتە ڕەش هیچ جوڵەیەکی یاسایی نیە و ئەم حاڵەتە ناودەبرێت بە (ماتی خنکێنراو) و یاریەکە بە یەکسانی تەواو دەبێت.

**با پێکەوە ببینین کەی بەتەواوی کش و مات ڕوودەدات و کەی بەرامبەرەکەت ئەتوانێ لێی دەرباز ببێت، سەرنجی جیاوازی ئەم وێنانە بدە:**





| | |
|---|---|
| **(١) قەڵای سپی بەرەو سەرەوە جوڵاوە و شـای ڕەشـی کش کردوە، بەڵام ڕەش ئەتوانێ بیخوات و لەمات دەربازی ببێت** | **(٢) لێرەدا کەمێک جیاوازە ڕەش ناتوانێت قەڵای سپی بخوات و هیچ بەرگریەکی نیە بۆیە شـای ڕش مات بووە و سپی براوەیە** |





| | |
|---|---|
| **(١) وەزیری سپی شـای ڕەشی کش کردوە بەڵام ڕەش ئەتوانێ بیخوات چونکە نەپارێزراوە بە داشی تر** | **(٢) لێرەدا وەزیری سپی بە قەڵا پارێزراوە بۆیە شـای ڕەش مـات بوە** |





| | |
|---|---|
| **(١) شـای ڕەش ئـەتوانێت داشـی کشکردوو بخوات کە وەزیرە** | **(١) بەڵام لێرەدا وەزیری سپی بە فیل پارێزراوە و ڕەش مـات بوە** |

**سەیری ئەم وێنەیە بکە و پاشان بڕیاربدە کە ئایا شـای ڕەش ئەتوانـێ داشی کش کردوو بخوات یان نا:**



**پ ١/ وەزیری سپی کشی کردوە، شـای ڕەش ئەتوانـێ...**

**A. ئـەتوانێت وەزیر بخوات**
**B. نـاتوانێت وەزیر بخوات**

**بۆ زانینی وەڵامی ڕاست بچۆرە لاپەڕەی دواتر...**

**و ۱/ B. شای ڕەش ناتوانێ وەزیری سپی بخوات چونکە بە فیل پارێزراوە، ڕەش هیچ جێگایەکی دەربازبوونی نیە بۆیە مات بووە.**

**....**

**سەیری ئەم حاڵەتانەش بکە و بڕیاربدە کە ئایا شای ڕەش ئەتوانێ داشی کشکردوو بخوات؟**

**پ ۲/ شای ڕەش چی پێئەکرێت؟**

**A. ئەتوانێ وەزیر بخوات**

**B. ناتوانێ وەزیر بخوات**



**پ ۳/ شای ڕەش ئەتوانێ چی بکات؟**

**A. ئەتوانێ قەڵا بخوات**

**B. ناتوانێ قەڵا بخوات**



**پ ٤/ شای ڕەش ئەتوانێ داشی کشکردوو بخوات؟**

**A. ئەتوانێ قەڵا بخوات**

**B.ناتوانێ قەڵا بخوات**



و A /٢ بێگومان ئەتوانێ وەزیر بخوات. (وەزیر بە فیل نەپارێزراوە)
و A /٣ ئەتوانێ قەڵا بخوات. (ئەسپ قەڵای نەپاراستوە)
و B /٤ ناتوانێ قەڵا بخوات و مات بووە. (لەبیرتبێ کە شا لەیەک خانە زیاتر ناتوانێ بجوڵێ بۆیە دەستی بە قەڵا ناگات)
....
هەندێک جار شا ئەتوانێ لە کش و مات دەربازی ببێت بە ڕاکردن بۆ خانەیەکی سەلامەت، سەیری ئەم وێنانە بکە:



١.ئەسپ کشی کردوە و شای ڕەش ئەتوانێت لە کشی ئەسپ دەربازی ببێت و بچێتە ئەوخانەیەی بەردەمی خۆی و سەلامەت ئەبێ لە کشی ئەسپ



٢.بەڵام لێرەیا شای ڕەش هیچ خانەیەکی سەلامەت نیە بچێت بۆی و هیچ بەرگریەکی تریشی نیە دژی کشی ئەسپ بۆیە مات بوە.



**أ. وەزیری سپی کشی کردوە، بەڵام شای ڕەش ئەتوانێ دەربازی ببێت**



**ب. لێرەدا وەزیری سپی جگە لەوەی کشی کردوە کۆنترۆڵی ئەو خانەیەشی کردوە کە شا لێی دەربازبوو لە وێنەی (أ)، بۆیە ڕەش هیچ بەرگریەک و ڕێگەیەکی دەرچوونی نیە و مات بوە**




**ج. قەڵای سپی کشی کردوە بەڵام شای ڕەش ئەتوانێ بچێتە خانەی دیاریکراو و دەربازی ببێت**



**د. بەڵام لێرە فیل ئەو خانەیەی گرتوە کە شا لێی دەرباز بوو لەوێنەی (ج)، بۆیە ڕەش هیچ بەرگریەک و ڕێگەیەکی دەرچوونی نیە و مات بوە**

پ ٥/ ئێستا جوان سەیر بکە و تۆ بڕیاربدە شای ڕەش لەم حاڵەتانەیا چی پێئەکرێت؟




١. A.داشی کش کردوو بخوات B.ڕابکات بۆ خانەی سەلامەت C. هیچی پێناکرێت و مات بوە.
٢. A.داشی کش کردوو بخوات B.ڕابکات بۆ خانەی سەلامەت C. هیچی پێناکرێت و مات بوە.
٣. A.داشی کش کردوو بخوات B.ڕابکات بۆ خانەی سەلامەت C. هیچی پێناکرێت و مات بوە.
٤. A.داشی کش کردوو بخوات B.ڕابکات بۆ خانەی سەلامەت C. هیچی پێناکرێت و مات بوە.....

و ٥/

١. C. هیچی پێناکرێت و مات بوە، هەردوو فیل پێکەوە هێزێکی گەورەیان پێکهێناوە
٢. B.ڕابکات بۆ خانەی سەلامەت، خانەیەکی سەلامەتی هەیە خۆت دیاری بکە!
٣. C. هیچی پێناکرێت و مات بوە، سەربازی سپی ڕێی هەڵهاتنی لە شای ڕەش گرتوە
٤. A.داشی کش کردوو بخوات، قەڵا بەهیچ نەپارێزراوە

....

پ ٦/ ئێستا داوات لێئەکەم بە تیریک ئەو جوڵەیە دیاری بکەیت کە من(بۆبی فیشەر بە ڕەش) شای سپی (پاوڵ کیریس) مات ئەکەم:

فیشەر




پاوڵ کیریس



و ٦/ ئەم حاڵەتە بەڕاستی ڕوویداوە لە یاری نێوان من(فیشەر) و پاوڵ کیریس لە (یوگۆسلافیا) لەساڵی ١٩٥٩، کە لەوکاتەدا پاوڵ کیریس یەکێک بوو لە بەهێزترین یاریزانەکانی جیهان.

....

لێرەدا قەڵای سپی کشی کردوە و شای ڕەش مات بوە، تێبینی هەموو ئەو خانانەی چواردەوری شا بکە هەموویان لەلایەن داشەکانی سپیەوە کۆنترۆڵ کراون...




پ ٧/ ئەگەر شای ڕەش بچێتە خانەی A ئەوا[2] چ داشێکی سپی ئەتوانێ بیخوات؟ (یەکەم دانە خۆم وەڵامم داوەتەوە بۆئەوەی بیرۆکەکە تێبگەیت)

١. (..قەڵا..) کۆنترۆڵی خانەی A کردوە
٢. (....) کۆنترۆڵی خانەی B کردوە
٣. (....) کۆنترۆڵی خانەی C کردوە
٤. (....) کۆنترۆڵی خانەی D کردوە
٥. (....) کۆنترۆڵی خانەی E کردوە




ئێستا سەیری ئەمەیان بکە و وەڵامی پرسیاری ٨ بدەرەوە:

پ ٨/ ناوی هەریەک لەوداشانەی سپی بڵێ کە کۆنترۆڵی خانە دیاریکراوەکانیان کردوە:

١. (....) کۆنترۆڵی خانەی A کردوە
٢. (....) کۆنترۆڵی خانەی B کردوە
٣. (....) کۆنترۆڵی خانەی C کردوە
٤. (....) کۆنترۆڵی خانەی D کردوە
٥. (....) کۆنترۆڵی خانەی E کردوە

[2] تێبینی وەرگێڕ: بێگومان هەموو خانەیەکی سەر بۆردی شەترەنج و داشەکان ناوی تایبەتی خۆیان هەیە بۆنموونە لەوێنەی یەکەم خانەی A بریتیە لە f8 و خانەی D بریتیە لە h7 ، بەڵام فیشەر بۆ ئاسانکاری و تێگەشتن لەم کتێبەدا باسی نەکردوە.

| و ٧/ | و ٨/ |
|---|---|
| ١. (قەڵا) کۆنترۆڵی خانەی A کردوە | ١. (وەزیر) کۆنترۆڵی خانەی A کردوە |
| ٢. (سەرباز) کۆنترۆڵی خانەی B کردوە | ٢. (فیل) کۆنترۆڵی خانەی B کردوە |
| ٣. (ئەسپ) کۆنترۆڵی خانەی C کردوە | ٣. (ئەسپ) کۆنترۆڵی خانەی C کردوە |
| ٤. (سەرباز) کۆنترۆڵی خانەی D کردوە | ٤. (شا) کۆنترۆڵی خانەی D کردوە |
| ٥. (قەڵا) کۆنترۆڵی خانەی E کردوە | ٥. (سەرباز) کۆنترۆڵی خانەی E کردوە |

....




پ ٩/ بەتیرێک ئەو جوڵەیە دیاری بکە کە ئەبێ سپی بیکات بۆ ماتکردنی ڕەش:




پ ١٠/ ئەمە حاڵەتێکی بەربڵاوە و وا دەرەکەوێ کە ڕەش مات بووبێت بەڵام لەڕاستیدا ئەتوانێ دەرباز ببێت، تۆ بە تیرێک جوڵەی ڕاست دیاری بکە بۆ دەربازبوونی ڕەش:



و ٩/ ئەم حاڵەتە لە یاری نێوان (فیشەر بە سپی) و (بێنت لارسن بە ڕەش) وەگیراوە لە یوگۆسلافیا ١٩٥٨.

و ١٠/ تەنها یەک ڕێگەی دەربازبوون هەیە ئەویش بە خواردنی قەڵایە کە هیچ پارێزگاریەکی لێنەکراوە.

....

پ ١١/ ئایا لێرەدا سپی ئەتوانێ لە مات دەربازی ببێت بە خواردنی قەڵا..؟




A. بەڵێ
B. نەخێر کش مات

**و ١١/ B نەخێر کش مات، وەزیر کە کشی کردوە لەهەمان کاتدا قەڵاشی پاراستوە بۆیە سپی مات بوە.**

**....**

**لەکاتی کەم بوونەوەی داشەکان لەسەر بۆردی شەترەنج شا ڕۆڵێکی کاریگەری ئەبێت بۆ گرتن و مات کردنی شای بەرامبەر و ئەتوانێت یارمەتی داشەکانی خۆی بدات بۆ ئەم کارە و ئەبێتە داشێکی هێرشبەری بەهێز، سەیری ئەم دوو وێنەیە بکە:**




**پ ١٢/ ڕەش مات بوە...**

A. تەنها لە وێنەی ١
B. تەنها لەوێنەی ٢
C. لەهەردووکیان

و ١٢/ A تەنها لەوێنەی ١ مات بوە، شای سپی گەمارۆی شای ڕەشی داوە و قەڵاش کشی کردوە ئەمە یەکێکە لە شێوە سادەکانی مات، بەڵام لەوێنەی ٢دا شای ڕەش خانەی سەلامەتی هەیە ئەتوانێ بچێت بۆی.

....

ئێستا تۆ بیرۆکەی مات کردن تێگەشتوویت، سەیری ئەم وێنەیە بکە و بڕیاربدە:



پ ١٣/ ئایا ڕەش مات بوە؟

A. بەڵێ
B. نەخێر

....

هەندێ کات ئەتوانیت کش یان کش و مات پووچەڵ بکەیتەوە بە خواردنی ئەو داشەی کەکشی کردوە، سەیری جیاوازی ئەم دوو وێنەیە بکە:



وەزیر بە قەڵا پارێزراوە و ڕەشی مات کردوە.



هەمان حاڵەتە بەڵام لێرە ڕەش لەجیاتی ئەسپ فیلی هەیە کە دەتوانێت وەزیر بخوات و هێرشەکە پووچەڵ بکاتەوە.

و A /١٣ بەڵێ، وەزیر کشی کردوە و لەهەمان کاتیش گەمارۆی شای ڕەشی داوە و بە شای سپیش پارێزراوە.

....

سەیری ئەم وێنانە بکە:



وەزیری سپی بە فیل پارێزراوە و ڕەشی مات کردوە



بەڵام لێرە ئەسپی ڕەش ئەتوانێ وەزیر بخوات و هێرشەکە پووچەڵ بکاتەوە



قەڵا شای ڕەشی مات کردوە و فیل ڕێگرە لەوەی قەڵای ڕەش قەڵای سپی بخوات و شا ڕزگار بکات



لێرە هیچ ڕێگرێک نیە و قەڵای ڕەش ئەتوانێ قەڵای سپی بخوات و کۆتایی بە هێرشەکە بهێنێت

پ ١٤/ ڕەش ئەتوانێت چی بکات؟




A. وەزیر بخوات بە شا
B. شا بچێتە خانەیەکی سەلامەت
C. داشێکی تری هەیە ئەتوانێ وەزیر بخوات
D. هیچ بەرگریەکی نیە مات بوە




پ ١٥/ ڕەش چی پێ ئەکرێت؟

A. ئەسپ بخوات بە شا
B. بچێتە خانەیەکی سەلامەت
C. داشێکی تری هەیە ئەتوانێ ئەسپ بخوات
D. هیچ بەرگریەکی نیە و مات وە

و ١٤/ D هیچ بەرگریەکی نیە و مات بوە.
و ١٥/ C داشیکی تری هەیە کە ئەتوانێت ئەسپ بخوات، لێرەدا سەرباز ئەتوانێ ئەسپی سپی بخوات کە کشی کردوە و شا ڕزگار بکات.
....
هەندێک کات شا ئەتوانێت لە کش دەربازی بێت بەدانانی داشێک لەداشەکانی خۆی کە بەری کشەکە بگرێت، سەیری ئەم وێنانە بکە:



قەڵای سپی ڕەشی کش کردوە و هیچ بەرگریەکیشی نیە و مات بوە



هەمان حاڵەتی سەرەوەیە بەڵام لەجیاتی ئەو فیلە قەڵا هەیە کە ئەتوانێت بەر لە کشەکە بگرێت و هێرشی مات پووچەڵ بکاتەوە



لەم حاڵەتەدا فیلی ڕەش دەچێتە بەر کشی قەڵای سپی و هێرشەکە دەوەستێنێت و شا ڕزگار ئەکات



لێرە ئەسپ ئەو کارە ئەکات



لەم حاڵەتە شای ڕەش لەژێر هێرشی قەڵای سپیدایە:

پ ١٦/ کام داشی ڕەش ئەتوانێت هێرشەکە بوەستێنێت و ئەبێ چی بکات؟

....

لەم وێنەیە و وێنەکانی داهاتوو کۆمەڵێک حاڵەتی جیاواز ئەبینیت، لەهەندێکیان شای ڕەش مات بوە و هەندێکیشیان ئەتوانیت بەرگری لێبکەیت بەیەکێک لە سێ شێوازەکەی بەرگری لە کش کە بریتین لە (١.خواردنی ئەو داشەی کە کشی کردوە ٢. جوڵانی شا بۆ خانەیەکی سەلامەت ٣. داشێک بێتە نێوان شا و داشی کشکردوو و بەری کشەکە بگرێت) وە داوات لێدەکرێت کە جوڵەی گونجاو بدۆزیتەوە بۆ بەرگری لە مات ئەگەر هەبوو.



پ ١٧/ ئایا ڕەش مات بوە؟
ئەگەر نەبوە ئەوا جوڵەی گونجاو بە تیرێک دیاری بکە بۆ بەرگری...

و ١٦/ ئەسپ، ئەچێتە نێوان شا و قەڵاوە و کشەکە دەوەستێنێت.
و ١٧/ مات نەبوە چونکە بەم جۆرە قەڵا ئەچێتە نێوانیان و بەر لە کشەکە ئەگرێت و هێرشەکە ئەوەستێنێت.



....

هەندێ لەم نموونانە کەمێک ئاڵۆزترن کە پێویستیان بەسەرپرکردنی ورد و لەبەرچاوگرتنی هەموو داشەکان هەیە:



پ ١٨/ بەجوانی سەیری بۆردەکە بکە!
ئایا ڕەش مات بوە؟ ئەگەر مات نەبوە جوڵەی ڕاست دیاری بکە...



پ ١٩/ چ داشێکی ڕەش ئەتوانێت بەرگری لە مات بکات و ئەبێ چی بکات؟



پ ٢٠/ بە تیرێک ئەو جوڵەیە دیاری بکە کە ئەبێ ڕەش بیکات بۆ ماتکردنی سپی..؟

**و ١٨/ بەڵێ مات بوە، سەیری هێزی ئەو دوو ئەسپە بکە بەیەکەوە!**
**و ١٩/ قەڵای ڕەش دێتە نێوان شا و قەڵاوە و بەر لە کشەکە دەگرێت، پێویستە تیبینی هەموو داشەکان بکەیت و ڕۆڵی هەریەکەیان بزانیت.**



**و ٢٠/ ئەم حاڵەتە لە یاری نێوان فیشەر بە ڕەش و گلیگۆریچ بە سپی وەرگیراوە لە یوگۆسلافیا ساڵی ١٩٦١، گلیگۆریچ چەند جارێک پاڵەوانی یوگۆسلافیا بوە و سێجار چوەتە پاڵەوانێتی جیهان، لەڕاستیدا بەرامبەرەکەم ئەم جوڵەیەی نەکرد، دوای یاریەکی قورس و دوور و درێژ یاریەکە بە یەکسانی کۆتایی پێهات.**
**....**



**پ ٢١/ ئایا لەم حاڵەتە ڕەش مات بوە؟ ئەگەر مات نەبوە ئەو جوڵەیە دیاری بکە کە ڕەش دەبێت بۆ بەرگری کردن بیکات..**



**پ ٢٢/ ئەم حاڵەتە لەیەکێک لە یاریەکانی خۆم وەرگیراوە، بەتیرێک ئەو جوڵەیە دیاری بکە کە ڕەش سپی پێ مات ئەکات...**



و ٢١/ بەڵێ مات بوە، سپی وەزیری کردۆتە قوربانی بۆ گەیشتن بە مات!.

و ٢٢/ لە یاری فیشەر و لێتلار وەرگیراوە ساڵی ١٩٦٠

....

<u>بەستنەوە:</u>

سەیری جیاوازی ئەم وێنانە بکە:





| | |
|---|---|
| لەم حاڵەتەدا بە ڕوونی دیارە کە وەزیری ڕەش ئەتوانێ قەڵای سپی بخوات کە کشی کردوە... | بەڵام لێرە وەزیر بە شاوە بەستراوەتەوە بەهۆی فیلەوە و ناتوانێت قەڵا بخوات! |

هەرگیز ناتوانیت بەدەستی خۆت خۆت بکەیتە کشەوە بۆیە هەرکات داشێکت لەگەڵ شاکەت لەسەر هەمان ئاڕاستەی هێرشی داشێکی بەرامبەر بێت ئەوا ناتوانی لایببەیت و بەو داشەت ئەووترێ بەستراوەتەوە!



ئەسپی ڕەش ئەتوانێت بەر لە کشی قەڵا بگرێت...



بەڵام لێرە ئەسپی ڕەش ناتوانێ ئەوە بکات چونکە وەزیر بەستویەتیەوە!



وەزیری سپی ئەتوانێ بە ئاسانی شای ڕەش مات بکات...



بەڵام لێرەدا ناتوانێت چونکە قەڵای ڕەش بەستویەتیەوە بە شاوە!

**لەم حاڵەتە خەیاڵیەدا ڕەش مات بوە چونکە سەرنج بدە وەزیر و فیل و ئەسپ هەموویان بەستراونەتەوە بۆیە هیچیان ناتوانن بەرگری لە شاکەیان بکەن!**




**پ ٢٣/ لەم وێنەیەدا چ داشێکی سپی وەزیری ڕەشی بەستۆتەوە و ڕێگرە لەوەی قەڵای کشکردوو بخوات؟**

**پ ٢٤/ چ داشێکی سپی ڕێگرە لەوەی فیلی ڕەش بچێتە نێوان قەڵا و شاوە؟**

**پ ٢٥/ چ داشێکی سپی ڕێگری لە ئەسپی ڕەش ئەکات کەبچێتە نێوان قەڵا و شاوە؟**

و ٢٣/ وەزیری سپی وەزیری ڕەشی بەستۆتەوە...
و ٢٤/ قەڵای سپی فیلی ڕەشی بەستۆتەوە...
و ٢٥/ فیلی سپی ئەسپی ڕشی بەستۆتەوە...
....



پ ٢٦/ سپی ئەتوانێت بە چەند ڕێگایەک هەڕەشە بکاتە سەر شای ڕەش بەڵام تەنها یەکێکیان ماتی دەکات کامەیە؟

A. فیل وەزیر بخوات و کش
B. وەزیر وەزیر بخوات و کش
C. وەزیر سەرباز بخوات و کش
D. ئەسپ کش بکات



بەجوانی سەیری هەموو داشەکان بکە:

پ ٢٧/ بەو جۆرەی دیاریکراوە کش بە وەزیر یان بە قەڵا شای ڕەش مات دەکات؟



باپێکەوە پێداچوونەوەیەک بکەین بە یاسای پلە بەرزکردنەوەی سەربازدا، کاتێک سەرباز دەگاتە خانەی هەشتەم (کۆتا خانە) ئەوا پلەی بەرز ئەبێتەوە بۆیەکێ لەداشەکانی تر بەپێی هەڵبژاردەی یاریزان.

پ ٢٨/ لێرەدا سەرباز ئەتوانێ بەرەوپێش بچێت و ڕەش مات بکات بۆئەم مەبەستە پێویستە ببێت بە کام لەمانە؟ ١.فیل ، ٢.وەزیر ، ٣.ئەسپ ، ٤.قەڵا



پ ٢٩/ لێرە جوڵەی ڕاست بریتیە لە کام لەمانە..؟

A. سەرباز بچێت بەرەوپێش و ببێتە وەزیر
B. سەرباز بچێت بەرەوپێش و ببێتە ئەسپ
C. سەرباز فیل بخوات و ببێتە وەزیر
D. سەرباز فیل بخوات و ببێتە فیل

و ٢٦/ D. ئەسپ کش بکات هەریەکە لە وەزیر و سەرباز ناتوانن ئەسپەکە بخۆن چونکە بەستراونەتەوە! وەزیر بە فیلەوە بەستراوەتەوە و سەرباز بە وەزیری ڕەشەوە بەستراوەتەوە بۆیە پێویستە بە ووردی سەرنج بدەیتە داشەکان کە زۆربەی هێز و جوڵەکانیان لەدەستداوە.

و ٢٧/ کش بە وەزیر شای ڕەش مات دەکات، وەزیری ڕەش ناتوانێ بەرگری بکات چونکە بەستراوەتەوە بە فیل.

و ٢٨/ ٢.وەزیر ، ئەگەر بیکەیتە قەڵا مات نابێت و ئەتوانێ دەرباز ببێت، لەزۆربەی کاتەکان واباشترە بیکەیت بە وەزیر چونکە بەهێزترین داشە، کەم جار پێویستت بەوەیە بیکەیتە داشەکانی تر.




و ٢٩/ B. سەرباز بێت بەرەوپێش و ببێت بە ئەسپ ئەوکات ڕەش مات ئەبێت، ئەگەر بیکەیتە وەزیر لەجیاتی ئەسپ ئەوا سەربازی ڕەشیش دێتە پێش و پلەی بەرزەبێتەوە بۆ وەزیر و شای سپی کش ئەکات! و هیچ بوارێک نادا کە تۆ وەزیری خۆت بەکاربهێنیت.

....

با پێداچوونەوەیەک بکەین بەهەندێ لەوبابەتانەی کە فێری بووین:








پ ٣٠/ وەزیر یان ئەسپ کامیان ئەتوانن ڕەش مات بکەن؟

ئەمەیان کەمێک قورسە بەجوانی سەیری بکە،
پ ٣١/ وەزیر لە چەند خانەیەکەوە ئەتوانێ کش بکات بەڵام کامیان ڕەش مات دەکات؟
« A ، B ، C ، D »

پ ٣٢/ سەربازی سپی لەگەڵ وەزیر ئەتوانن کش بکەن بەڵام یەکێکیان ڕەش مات دەکات ئەویش...

« A » سەرباز
« B » وەزیر




و ٣٠/ ئەسپ ئەتوانێت ڕەش مات بکات، سەربازی ڕەش بە قەڵا بەستراوەتەوە و ناتوانێ ئەسپ بخوات.

و ٣١/ وەزی ئەتوانێ لە خانەی Dیەوە ڕەش مات بکات.

و ٣٢/ A سەرباز، وەک لەوێنەکە دیارە قەڵا بەستراوەتەوە و بۆی نیە بجوڵێت، ئەگەر بەوەزیر کش بکەیت قەڵا لە بەستن ڕزگاری ئەبێت و وەزیر ئەخوات.

....



لەم حاڵەتەدا...کاتێک قەڵای سپی بۆ هەرلایەک بجوڵێت ئەوە ڕاستەوخۆ شای ڕەش کش ئەبێت بەم کشە ئەوترێ( کش بە ئاشکراکردن)، قەڵاش کاتێک جوڵا بەهەڵی زانی و شای ڕەشی گەمارۆدا و ماتی کرد!

پ ٣٣/ تۆ بە تیرێک ئەو جوڵەیە بکێشە کە قەڵا ئەیکات بۆ ماتکردنی ڕەش..؟



لەم وێنەیە و ئەوانەی داهاتوو پێویستە هەڵبژێریت لەنێوان چەند کشێک کە تەنها یەکێکیان کش و ماتە، کەمێ ئاڵۆزترم کردون بۆیە وریابە!

پ ٣٤/ لێرە چوار کش هەیە یەکێکیان ماتە! کامەیە دیاری بکە؟ پێویستە ورد بیت چونکە ڕەشیش هەڕەشەی ماتکردنی سپی هەیە!



پ ٣٥/ بەتیرێک جوڵەی کش و مات دیاری بکە...





| | | |
|---|---|---|
| و ٣٥/ | و ٣٤/ | و ٣٣/ |

....



پ ٣٦/ ئایا...
A. سپی ئەتوانێ بەیەک جوڵە ڕەش مات بکات؟ ئەگەر ئەتوانێ جوڵەکە دیاری بکە..؟
B. ناتوانێت



پ ٣٧/ ئایا لەم حاڵەتە...
A. سپی ئەتوانێ بەیەک جوڵە ڕەش مات بکات؟ ئەگەر ئەتوانێ جوڵەکە دیاری بکە..؟
B. ناتوانێت




و ٣٦/ A ئەتوانێت..

و ٣٧/ A ئەتوانێت..

....



ئەم حاڵەتە لە یاری خۆمەوە وەرگیراوە..

پ ٣٨/ ئایا سپی ئەتوانێ بەیەک جوڵە ڕەش مات بکات؟
ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ یە جوڵەکە دیاری بکە:

A. بەڵێ
B. نەخێر



پ ٣٩/ ئایا سپی ئەتوانێ بەیەک جوڵە ڕەش مات بکات؟
ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ یە جوڵەکە دیاری بکە:

A. بەڵێ
B. نەخێر



پ ٤٠/ ئایا سپی ئەتوانێ بەیەک جوڵە ڕەش مات بکات؟
ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ یە جوڵەکە دیاری بکە:

A. بەڵێ
B. نەخێر



ئەم حاڵەتە لەیاری خۆم بە ڕەش و سێرگیس بە سپی وەرگیراوە..

پ ٤١/ ئایا ڕەش ئەتوانێت بە یەک جوڵە سپی مات بکات؟

A. بەڵێ
B. نەخێر







و ٣٨/ B. نەخێر، ئەگەر ئەسپەکە کش بکات وەزیری ڕەش ئەیخوات، ئەگەریش وەزیر کش بکات ئەوا مات نابێت و شای ڕەش هەڵدێت، ئەم حاڵەتە لە یاری من بە ڕەش و ئۆستن بە سپی ساڵی ١٩٥٧ـەوە وەرگیراوە.

و ٣٩/ A. بەڵێ، سەیری وێنەکە بکە ئەتوانێت لە خانەی ژمارە ٢ شای ڕەش مات بکات، بەڵام لە خانەی ژمارە ١ ناتوانێت چونکە وەزیری ڕەش وەزیری سپی دەخوات.

و ٤٠/ B. نەخێر ناتوانێت، لەڕاستیدا هەرداشێک بیەوێت کش بکات ئەخورێت.

و ٤١/ B. بەڵێ، سەیری وێنەکە بکە..

....



پ ٤٢/ ئایا لێرە سپی ئەتوانێ بە یەک جوڵە ڕەش مات بکات؟

A. بەڵێ
B. نەخێر

ئەگەر بەڵێ ئەوا جوڵەکە دیاری بکە..



پ ٤٣/ سپی ئەتوانێت بە یەک جوڵە ڕەش مات بکات؟

A. بەڵێ
B. نەخێر

ئەگەر بەڵێ ئەوا جوڵەکە دیاری بکە...

و ٤٢/ B. نەخێر بەیەک جوڵە ناتوانێت، تیبینی فیلەکانی ڕەش بکە!
و ٤٣/ A. بەڵێ، سەرباز دەچێتە پێش و پلەی بەرز ئەبێتەوە بۆ وەزیر یان قەڵا و شای ڕەش مات ئەکات، فیل ناتوانێ ڕەش مات بکات چونکە بەستراوەتەوە و قەڵاش ناتوانێت سەربازەکە بخوات چونکە ئەویش بەستراوەتەوە.



**<u>بەشی یەکەم تەواو بوو، بەردەوامبە بۆ بەشی دووهەم...</u>**

# بەشی دووهەم
# کش و مات کردن لەڕیزی کۆتایی

ئەم بەشە بنچینە و شێوازە باوەکانی مات کردن لە ڕیزی کۆتایی لەخۆدەگرێت کەپێکهاتوە لە چەند جوڵەیەک لەلایەن هەردوولاوە، هەندێکیان ئاسان دەبن و هەندێکیشیان هێندە ئاسان نابن.

## نێوەندگیری بەسوود و نێوەندگیری بێ سوود:



شای ڕەش لەژێر هەڕەشەی کش و ماتدایە فیل ئەتوانێت بەر لە کشەکە بگرێت و نێوەندگیری بکات بەڵام قەڵا بەئاسانی ئەتوانێ فیلەکە بخوات و شای ڕەش مات بکات، کەواتە بەم نێوەندگیریە دەوترێت نێوەندگیری بێسوود.



بەڵام لێرەدا کاتێک فیل نێوەندگیری ئەکات بە شای ڕەش پارێزراو ئەبێت و قەڵا بۆی نیە بیخوات و هیچ کش و ماتێکیش نیە بۆیە نێوەنگیریەکە بەسوودە، ئەگەر هەر خواردی ئەوا زیانی لێکەوتوە چونکە قەڵا لە فیل بەنرختر و بەهێزترە.



قەلای ڕەش ئەتوانێت نێوەنگیری بەسوود بکات چونکە بە قەڵاکەی تر پارێزراوە



لەم حاڵەتەدا فیل و ئەسپ دەتوانن نێوەندگیری بەسوود بکەن چونکە یەکتری دەپارێزن

....

سەیری ئەم حاڵەتانە بکە...







پ ١/ ڕەش نێوەندگیری بەسوودی هەیە؟

A. بەڵێ
B. نەخێر

پ ٢/ ڕەش نێوەندگیری بەسوودی هەیە؟

A. بەڵێ
B. نەخێر

پ ٣/ نێوەندگیری بەسوود بە تیرێک دیاری بکە...




و ١/ **A**. بەڵێ، نێوەندگیری بەسوود هەیە بە قەڵا یان بە فیل یەکتری ئەپارێزن.
و ٢/ **B**. نەخێر، هەرداشێک نێوەندگیری بکات دەخورێت و سوودی نیە بۆیە ڕەش هەر مات ئەبێت.
و ٣/ تەنها فیل نێوەندگیرێکی بەسوودە، وەزیر ناتوانێت چونکە بەستراوەتەوە، قەڵاش دەخورێت.
....
سەیری ئەم حاڵەتە بکە کە چۆن سپی ڕەش مات دەکات:[3]





| | | |
|---|---|---|
| وەزیر لەگەڵ هەردوو قەڵا لەسەر یەک ستوون کۆبوونەتەوە و ڕوویان کردۆتە ڕیزی کۆتایی | وەزیری سپی کش دەکات و شای ڕەش دەخاتە مەترسیەوە بۆیە پێویستە قەڵا بیخوات | دوای ئەوەی قەڵای ڕەش وەزیر دەخوات سپی قەڵا بە قەڵا دەخوات و دووبارە شای ڕەش کش دەبێتەوە |






| | | |
|---|---|---|
| بۆیە پێویستە وەزیر قەڵا بخوات بۆ وەستاندنی | وەزیر قەڵای یەکەمی خوارد ئێستە قەڵای دووهەم دێت.. | و کۆتایی بە یاریەکە دێنێت و شای ڕەش مات دەبێت. |

[3] تێبینی وەرگێڕ: لێرەوە ڕەنگی بۆردەکەم گۆڕی بۆ ئەوەی فێرخواز تووشی بێزاری نەبێت...

## دیاریکردنی هێزی پێویست بۆ ماتکردن:

لەم حاڵەتە دوو قەڵای سپی ئامادەن بۆ هێرشکردنە سەر شای ڕەش لەڕیزی کۆتاییەوە، هەروەها فیل و قەڵای ڕەشیش ئامادەن بۆ بەرگری کردن و خواردنی قەڵاکانی سپی ئەگەر هێرش بکەن، واتە دوو هێرشبەر و دوو بەرگریکار هەیە بۆیە ئەگەر سپی هێرش بکات سەرکەوتو نابێت چونکە ڕەش بەرگری پێویستی هەیە.




لێرەش هەمان شێوەیە دوو قەڵای سپی ئامادەن بۆ هێرش کردن بەڵام ئەسپ و شای ڕەش ئامادەن بۆ بەرگریکردن و خواردنی قەڵاکانی سپی، کەواتە دوو بە دووە و سپی ناتوانێ ڕەش مات بکات، تێبینی ئەوە بکە کە شای ڕەش وەک بەرگریکارێک لەخۆی کار ئەکات.





لەم حاڵەتەدا سپی هێزی زیاتری هەیە لەڕەش، سێ دژی دووە و ئەتوانێ ڕەش مات بکات، قەڵای یەکەم کش دەکات..ئەسپی ڕەش قەڵا دەخوات..پاشان قەڵاکەی تر ئەسپەکە ئەخوات و شای ڕەش مات دەکات! قەڵاکە بەفیل پارێزراوە و وەک ئەزانین هەرداشێک پارێزراوبێت شا ناتوانێت بیخوات.



لێرە حاڵەتەکە دوو دژی یەکە و وەزیر وقەڵای سپی هێرشیان کردۆتە سەر هەمان خانە لەڕیزی کۆتایی بەڵام ڕەش تەنها یەک بەرگریکاری هەیە لەو خانەیە و بەس نیە بۆیە مات ئەبێت.




| | | |
|---|---|---|
| ئەمەش دوو بە یەکە و ڕەش مات دەبێ! تێبینی ئەوە بکە کە قەڵای ڕەش هەرژمار ناکرێت چونکە لە کشی یەکەمدا دەخورێت. | لێرە دوو بە دووە سپی ناتوانێت ڕەش مات بکات، تێبینی فیلی سپی بکە ئاگاداری هەمان خانەیە بەڵام هیچ هەڕەشەیەکی بۆ شای ڕەش نیە. | لەمەیان وەزیری سپی بەستراوەتەوە و ناتوانێت بجوڵێت بەڵام هێشتا ئاواش هەر قەڵای پاراستوە بۆیە قەڵا ئەتوانێ شای ڕەش کش و مات بکات. |

لەچەند وێنەی داهاتوو داوات لێدەکرێت بڕیاربدەیت کە ئایا سپی هێزی پێویستی هەیە بۆ کش و مات کردنی شای ڕەش لە ڕیزی کۆتایی یان نا، پێویستە لەسەرت بە ووردی سەیری هەموو داشەکانی سەربۆردەکە بکەیت.



پ ٤/ ئایا لێرە سپی هێزی پێویستی هەیە بۆ ماتکردنی شای ڕەش؟

A. بەڵێ
B. نەخێر

و A /٤. بەڵێ هێزی پێویستی هەیە چوار دژی سێیە، وەزیر کش دەکات..قەڵای ڕەش ئەیخوات.. قەڵای یەکەمی سپی قەڵای ڕەش دەخوات و کش..وەزیری ڕەش قەڵای یەکەمی سپی دەخوات.. قەڵای دووهەمی سپی دێت و وەزیر دەخوات و بەفیل پارێزراوە و شای ڕەش کش و مات دەکات.

....





| | |
|---|---|
| پ /٥ سپی هێزی پێویستی هەیە بۆ ماتکردنی ڕەش؟<br>A. بەڵێ<br>B. نەخێر | پ /٦ سپی هێزی پێویستی هەیە بۆ ماتکردنی ڕەش؟<br>A. بەڵێ<br>B. نەخێر |

لەحاڵەتەکانی داهاتوودا..سپی هەڕەشەی هەیە بۆ سەر ڕیزی کۆتایی بەڵام ناتوانێت ماتی بکات، تۆ دەبێ ڕوونی بکەیتەوە کە بۆچی ناتوانێ و ڕەش مات نابێت، ئایا لەبەر ئەوەیە کە هێزی پێویستی هەیە بۆ بەرگری کردن یان شا ئەتوانێ بچێتە خانەیەکی سەلامەت یان یەکێ لەداشەکانی تر ئەتوانێ نێوەندگیری بەسوود بکات...

**و ٥/ B. نەخێر هێزی پێویستی نیە، یەک بە یەکە، فیل و ئەسپی سپی هێرشیان هەیە لەسەر هەمان خانە بەڵام هیچ هەڕەشەیەکیان بۆ سەر شا نیە.**

**و ٦/ A. بەڵێ هەیەتی، دوو بە یەکە، قەڵای سپی و سەرباز هێرشیان هەیە لەسەر هەمان خانە، قەڵای سپی دەچێتە ڕیزی کۆتایی و کش دەکات..قەڵای ڕەش دەیخوات..سەرباز قەڵای ڕەش دەخوات و پلەی بەرزەبێتەوە بۆ وەزیر یان قەڵا و شای ڕەش مات دەکات.**

**....**



**هەمان پرسیار بۆ چەند حاڵەتێکی جیاواز:**

**پ ٧/ بۆچی هەڕەشەی سپی بۆ ڕیزی کۆتایی شای ڕەش مات ناکات؟**

**A. سپی هێزی پێویستی نیە بۆ مات کردنی ڕەش**
**B. شای ڕەش ئەتوانێت بچێتە خانەیەکی سەلامەت**
**C. ڕەش نێوەندگیری بەسوودی هەیە**

**...**



**پ ٨/ بۆچی هەڕەشەی سپی بۆ ڕیزی کۆتایی شای ڕەش مات ناکات؟**

**A. سپی هێزی پێویستی نیە بۆ مات کردنی ڕەش**
**B. شای ڕەش ئەتوانێت بچێتە خانەیەکی سەلامەت**
**C. ڕەش نێوەندگیری بەسوودی هەیە**

**...**



**پ ٩/ بۆچی هەڕەشەی سپی بۆ ڕیزی کۆتایی شای ڕەش مات ناکات؟**

**A. سپی هێزی پێویستی نیە بۆ مات کردنی ڕەش**
**B. شای ڕەش ئەتوانێت بچێتە خانەیەکی سەلامەت**
**C. ڕەش نێوەندگیری بەسوودی هەیە**

**...**



**پ ١٠/ لەم حاڵەتە جوان ووردبەرەوە لە وەزیری سپی و ڕەش، ئێستاش تۆ شیبکەرەوە بۆچی سپی ناتوانێت ڕەش مات بکات؟**

و ٧/ B. شای ڕەش ئەتوانێ بچێتە خانەیەکی سەلامەت، کاتێک وەزیر دەچێتە ڕیزی کۆتایی بۆ هێرش کردن ئەوا ئاگاداریی ئەو خانەیە جێدەهێڵێت کە لە شای گرتبوو، وەزیری ڕەش وەزیری سپی دەخوات..قەڵای سپی وەزیری ڕەش دەخوات و شا کش دەبێت بەڵام ئەتوانێت بچێتە خانەکەی بەردەمی خۆی و پارێزراو بێت لە کش.

و ٨/ C. ڕەش نێوەندگیری بەسوودی هەیە ئەویش فیلە، قەڵای سپی کش دەکات و قەڵای ڕەش دەیخوات..سەرباز قەڵا دەخوات و دەبێتە وەزیر و شای ڕەش دووبارە کش دەبێتەوە..ئەوجا فیل دێت و بەر لە کشەکە ئەگرێت و هەڕەشەی مات ئەوەستێنێت، ڕاستە سپی نەیتوانی ڕەش مات بکات بەڵام لەمەدا وەزیرێکی نوێی بەدەست هێنا!

و ٩/ A. سپی هێزی پێویستی نیە بۆ ماتکردنی ڕەش، وەزیر و فیلی ڕەش هەمان خانە دەپارێزن بۆیە دوو هێرش هەیە و دوو بەرگریش هەیە ئەگەر سپی هێرش بکات سەرکەوتوو نابێ و زیانی لێ ئەکەوێت.

و ١٠/ ئەگەر بێتو قەڵای سپی ئەو کشە بکات ئەوا قەڵای ڕەش دەیخوات و وەزیری سپی ناتوانێ بیخواتەوە چونکە بەستراوەتەوە!

....

ئەم حاڵەتە لەیاریەکی خۆم بوو کە ئەبوو بڕیار بدەم ئایا وەزیری برامبەرەکەم(ڕەش) بخۆم یان نا...




پ ١١/ ئەگەر تۆ سپی بیت وەزیری ڕەش دەخۆیت؟

A. بەڵێ
B. نەخێر

وەڵامەکەت ڕوون بکەرەوە:

و ١١/ B. نەخێر! چونکە ئەگەر بێتو ئەو وەزیرە بخۆیت ئەوا قەڵای ڕەش قەڵاکەت دەخوات و شای سپیت بۆ مات ئەکات! وەک ئەبینی نێوەندگیری وەیزر هیچ سوودی نیە، لەڕاستیدا جوڵەکەی من بریتی بوو لە جوڵانی قەڵا چوار خانە بەلای چەپدا و دواتر یاریەکەم بردەوە.

....




پ ١٢/ وەزیری سپی پێویستە لە کام خانەوە کش بکات تا ڕەش مات ببێت؟

A. خانەی ژمارە ١
B. خانەی ژمارە ٢
C. خانەی ژمارە ٣




پ ١٣/ لەمانە کام کشە ڕاستە تا سپی بەیەک جوڵە ڕەش مات بکات؟

A. کشی خانەی ژمارە ١
B. کشی خانەی ژمارە ٢
C. کشی خانەی ژمارە ٣



پ ١٤/ بە تیرێک یەکەم جوڵەی ڕاستی سپی دیاری بکە کە شای ڕەش بەرەو مات دەبات...؟



پ ١٥/ سپی بە قەڵا یان بە وەزیر کش بکات بۆئەوەی ڕەش بە یەک جوڵە مات ببێ..؟

A. قەڵا
B. وەزیر

و ١٢/ B. خانەی ژمارە ٢، بێگومان لە دوو خانەکەی تر وەزیر کش بکات ئەخورێت.

و ١٣/ C. کشی خانەی ژمارە ٣، دوو کشەکەی تر شـای ڕەش لە مات دەربازی ئەبێت.



و ١٤/ سەیری وێنەکە بکە، دوای ئەوە قەڵای ڕەش قەڵای سپی ئەخوات سەرباز قەڵای ڕەش ئەخوات و ئەبێتە وەزیر یان قەڵا و شـای ڕەش مات ئەکات.

و ١٥/ B. وەزیر، ئەگەر بە قەڵا کش بکەیت ئەسپی ڕەش ئەتوانێ نێوەندگیری بکات و بەوەزیری ڕەش پارێزراو ئەبێت وە هیچ ماتێک بەوەزیریش نابێ چونکە بەردەمی فیلی ڕەش کرایەوە و ئاگاداری ئەو خانەیە ئەبێت، بۆیە ئەبێ سەرەتا بە وەزیر کش بکەیت.

....



پ ١٦/ وای دابنێ لێرەدا سپی ئامادەیە بۆ هێرشکردنە سەر شـای ڕەش لەڕیزی کۆتایی، تۆ بڕیاربدە ئایا سەرکەوتوو ئەبێت یان نا؟

بەڵێ یان نەخێر؟ ئەگەر نەخێر بۆچی..؟

A. سپی هێزی پێویستی نیە بۆ ماتکردنی ڕەش

B. شای ڕەش ئەتوانێ هەڵبێت بۆ خانەی سەلامەت

C. ڕەش نێوەندگیری بەسوودی هەیە



پ ١٧/ سپی ئەتوانێ ڕەش مات بکات لە ڕیزی کۆتایی؟

بەڵێ یان نەخێر؟ ئەگەر نەخێر بۆچی..؟

A. سپی هێزی پێویستی نیە بۆ ماتکردنی ڕەش

B. شای ڕەش ئەتوانێ هەڵبێت بۆ خانەی سەلامەت

C. ڕەش نێوەندگیری بەسوودی هەیە



پ ١٨/ بەم جۆرەی دیاری کراوە سپی لە توانایدا هەیە کە ڕەش مات بکات لە ڕیزی کۆتاییەوە؟

بەڵێ یان نەخێر؟ ئەگەر نەخێر بۆچی..؟




و ١٦/ بەڵێ ڕەش مات ئەبێت، نێوەنگیری قەڵا هەیە بەڵام بێسوودە.
و ١٧/ بەڵێ ڕەش مات ئەبێت، چونکە وەزیر و قەڵای سپی هێزی پێویستیان هەیە.
و ١٨/ نەخێر چونکە دوای پلە بەرز بوونەوەی سەرباز بۆ وەزیر قەڵای ڕەش ئەیخوات و قەڵای سپی قەڵای ڕەش ئەخوات و شا خانەی سەلامەتی هەیە و هەڵدێت، سەیری وێنەکە بکە..
....



پ ١٩/ ئایا سپی ڕەشی بۆ مات ئەکرێت لە ڕیزی کۆتاییەوە؟
بەڵێ یان نەخێر؟ ئەگەر نەخێر بۆچی..؟

A. سپی هێزی پێویستی نیە بۆ ماتکردنی ڕەش
B. شای ڕەش ئەتوانێ هەڵبێت بۆ خانەی سەلامەت
C. ڕەش نێوەندگیری بەسوودی هەیە



پ ٢٠/ سپی توانای ماتکردنی ڕەشی هەیە لە ڕیزی کۆتاییەوە؟

بەڵێ یان نەخێر؟ ئەگەر نەخێر بۆچی..؟

A. سپی هێزی پێویستی نیە بۆ ماتکردنی ڕەش
B. شای ڕەش ئەتوانێ هەڵبێت بۆ خانەی سەلامەت
C. ڕەش نێوەندگیری بەسوودی هەیە



پ ٢١/ ئایا داشکانی سپی توانای ماتکردنی ڕەشیان هەیە لە ڕیزی کۆتاییەوە؟

بەڵێ یان نەخێر؟ ئەگەر نەخێر بۆچی..؟

A. سپی هێزی پێویستی نیە بۆ ماتکردنی ڕەش
B. شای ڕەش ئەتوانێ هەڵبێت بۆ خانەی سەلامەت
C. ڕەش نێوەندگیری بەسوودی هەیە




و ١٩/ نەخێر ناتوانێت چونکە A. هێزی پێویستی نیە، دوو دژی دووە فیل و ئەسپی ڕەش ئاگاداری هەمان خانەن کە دوو قەڵای ڕەش ئەتوانن لێوەی کش بکەن.

و ٢٠/ نەخێر ناتوانێت چونکە C. ڕەش نێوەندگیری بەسوودی هەیە بە فیل.

و ٢١/ بەڵێ، قەڵای دووهەم ئەتوانێ ڕەش مات بکات چونکە بە ئەسپ پارێزراوە.

....

لە وێنەکانی داهاتوودا هەندێک حاڵەت هەیە تێیدا سپی دەتوانێ ڕەش مات بکات لە ڕیزی کۆتاییەوە و هەندێکیشیان ڕەش بە یەک جوڵە مات دەبێت و هەندێکیشیان بە هیچ جۆرێک ماتی تێدا نیە، پێویستە سەرنجی هەموو داشەکانی سەر بۆردەکە بدەیت، ئەگەر هەرِەشەی ڕیزی کۆتای ڕەش مات ناکات ئەوا بۆ هەرِەشەی تر بگەڕێ بەڵکو کش و ماتی تر هەبێت.



پ ٢٢/ لەم حاڵەتەدا سپی...

A. ئەتوانێت ڕەش مات بکات
B. ناتوانێت...

ئەگەر ئەتوانێت ئەوا جوڵەی یەکەم دیاری بکە..



پ ٢٣/ سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات؟

A. بەڵێ
B. نەخێر

ئەگەر بەڵێ ئەوا جوڵەی یەکەم دیاری بکە..



پ ٢٤/ ئایا سپی توانای ماتکردنی ڕەشی هەیە؟

A. بەڵێ
B. نەخێر


ئەگەر بەڵێ ئەوا جوڵەی یەکەم دیاری بکە..



و ٢٢/ A. ئەتوانێت..، سەرباز پلەی بەرز دەبێتەوە بۆ وەزیر و کش دەکات، ئەگەر قەڵای ڕەش بیخوات ئەوا قەڵای سپی دەیخواتەوە و ڕەش کش و مات دەبێت.



و ٢٣/ A. بەڵێ، ڕەش تەنها نێوەندگیری بێسوودی فیل و وەزیری هەیە.



و ٢٤/ B. نەخێر، ئەگەر وەزیر لە نیشانە سورەکەوە واتە لە ڕیزی کۆتاییەوە کش بکات فیل نێوەندگیری ئەکات، ئەگەر لە نیشانە شینەکەوە کش بکات شا ئەتوانێ هەڵبێت.

....







پ ٢٥/ ئایا لەم حاڵەتە سپی ڕەشی بۆ مات ئەکرێت؟

A. بەڵێ
B. نەخێر

ئەگەر بەڵێ ئەوا جوڵەکە دیاری بکە..

پ ٢٦/ ئایا لێرەدا سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات؟

A. بەڵێ
B. نەخێر

ئەگەر بەڵێ ئەوا جوڵەکە دیاری بکە..

پ ٢٧/ سپی توانای ماتکردنی ڕەشی هەیە؟

A. بەڵێ
B. نەخێر

ئەگەر بەڵێ ئەوا جوڵەکە دیاری بکە..







**و ٢٥/ A. بەڵێ، تێبینی ئەوە بکە نیوەندگیریەکانی ڕەش هیچیان سوودیان نیە.**

**و ٢٦/ B. نەخێر ناتوانێت، تێبینی قەڵای سپی بکە کە بەستراوەتەوە و ناتوانێ لە هێرشەکە هاوکاری وەزیر بکات.**

**و ٢٧/ A. بەڵێ، سپی هێزی پێویستی هەیە و تێبینی فیلی سپی بکە خانەی ڕاکردنی لە شای ڕەش گرتوە.**

**....**

**ئەم حاڵەتە لە یاریەکی خۆم وەرگیراوە:**



**پ ٢٨/ ئایا سپی دەتوانێت ڕەش مات بکات؟**

**A. ئەتوانێت**
**B. ناتوانێت**

**ئەگەر ئەتوانێت ئەوا جوڵەکە دیاری بکە...**



**پ ٢٩ / ئایا سپی دەتوانێت ڕەش مات بکات؟**

**A. بەڵێ**
**B. نەخێر**

**ئەگەر بەڵێ ئەوا جوڵەکە دیاری بکە...**



**پ ٣٠/ ئایا لێرەدا سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات؟**

**A. بەڵێ**
**B. نەخێر**

**ئەگەر بەڵێ جوڵەکە دیاری بکە...**





و ٢٨/ A. ئەتوانێت، بەم کشە قەڵا ناچار دەبێت نێوەندگیری بکات بەڵام وەزیر دەیخوات و ڕەش مات دەکات. فیشەر بەسپی vs بیلێک بە ڕەش ١٩٦٥.

و ٢٩/ A. بەڵێ دەتوانێت...

و ٣٠/ A. بەڵێ، دوای ئەم جولەیە قەڵای ڕەش وەزیر دەخوات و قەڵای سپی قەڵای ڕەش دەخواتەوە و کش و مات دەدات بە شای ڕەش.

# پوختەی بەشی دوو:

**لەم بەشەدا پێکهاتە و بنچینەکانی مات کردن لەڕیزی کۆتایی فێربوویت، وە ئەو سێ ڕێگایەش فێربوویت کە لەکش دەربازت دەکات کە بریتی بوون لە: ١.خواردنی ئەو داشەی کە کشی کردوە، ٢.نێوەندگیری کردنی نێوان شا و داشی کشکردوو،٣ .هەڵهاتنی شا بۆ خانەیەکی چۆڵ و سەلامەت...**



**ئەم حاڵەتە لەیاری خۆم بە سپی دژی ڕێیمۆن دێنشتاین بە ڕەش لە پاڵەوانێتی ویلایەتە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٦٠ وەرگیراوە و ئێستا نۆرەی ڕەشە بجوڵێت:**

**پرسیاری ڕوون و ئاشکرا ئەمە: ئایا بۆچی ڕەش ناتوانێت وەزیر بخوات بە قەڵا؟**

**باشە، ئەگەر قەڵای ڕەش وەزیرم بخوات ئەوا منیش قەڵا دەبەمە ڕیزی کۆتایی و شایەکەی کش دەکەم، کاتێ بە ئەسپ قەڵام دەخوات من بە قەڵای دووهەم دەیخۆمەوە و کش و مات! بۆیە نابێت ئەو قەڵایەی ڕەش ڕیزی کۆتایی جێ بهێڵێت، تێبینی ئەوە بکە وەزیری سپی ئەتوانێت فیل و قەڵا یەکیان بخوات، ئەگەر ڕەش هەوڵیدا فیل بە قەڵای ڕیزی کۆتایی بپارێزێت ئەوا زۆر بەسادەیی فیل بەوەزیر دەخۆم (وەزیرxفیل)، کاتێ ڕێیمۆن درکی کرد بەم حاڵەی کە تێی کەوتوە خۆیدا بەدەستەوە.**




**ئەمەش نموونەیەکی ترە لە پاڵەوانێتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٦٠ فیشەر بە سپی بەرامبەر هێربێرت سیدمان بە ڕەش، ئێستا نۆرەی سپیە بجوڵێت: من نابێت ئەوە فەرامۆش بکەم کە شاکەم لە مەترسیدایە!، گریمان ئەو سەربازەم خوارد وەک هێڵی ژمارە ١، ئەوا ئەویش بە قەڵا دەڵێت کش و مات وەک هێڵی ٢، شای سپی بۆی نیە دەربازبێت و بچێتە ئەو خانەیەی هێڵی ژمارە ٣ چونکە بە قەڵاکەی تر گیراوە.**

# بەشی سێهەم
# بەگریکردن لەڕیزی کۆتایی و جۆرەکانی

**ئێستا تۆ بیرۆکەیەکی بنچینەییت هەیە لەسەر مات کردن لە ڕیزی کۆتایی و بەباشی فێری بوویت و هەر کات حاڵەتێکی لەو جۆرەت تووش بێت لەیاریەکانی خۆت ئەوا بە ئاسانی دەیناسیتەوە، لەم بەشە و بەشی دوای ئەمەش جۆری ماتکردن و بەرگریت فێردەکەم لە ڕیزی کۆتایی.**

**سەیری ئەم کۆمەڵە جوڵەیە بکە:**



**١.دوو قەڵای سپی ئامادەن بۆ هێرش کردنە سەر شای ڕەش و دوو قەڵای ڕەشیش ئامادەن بۆ بەرگری کردن، بۆیە پێویستە لەسەر سپی کە یەکێ لە بەرگریکارەکان لەناوببات بۆئەوەی هێرشەکەی سەرکەوتوو بێێت و شای ڕەش مات بکات.**



**٢.سپی ئەم جوڵەیەی کرد: وەزیر X قەڵا کش ،**[4]



**٣.قەڵای ڕەش پێویستە وەزیر بخوات بۆیە: قەڵا X وەزیر**

[4]تێبینی وەرگێڕ: نیشانەی X کاتێ لەنێوان ناوی دوو داش بێت مانای: خواردن، گرتن، بردن دەدات.



٤.ئێستا تەنها یەک بەرگریکار مایەوە بۆیە سپی ئەتوانێ هێرشی خۆی بکات بە قەڵاکانی،

قەڵا بۆ سەرەوە و کش..



٥.قەڵای ڕەش قەڵای سپی دەخوات..



٦.قەڵای دووهەمی سپی قەڵای ڕەش دەخوات و شا مات ئەکات و کۆتایی بە یاریەکە دێنێت.

....
لەم حاڵەتەدا سپی ئەتوانێت کۆمەڵە جوڵەیەک بکات کەتێیدا بە کش و ماتی ڕەش کۆتایی پێ بهێنێت بە لەناوبردنی یەکێ لە بەرگریکارەکان:



پ ١/ تۆ جوڵەی یەکەم بە هێڵێک دیاری بکە..؟



و /١ دوای ئەم جولەیە بەرگریکارێکی ڕیزی کۆتایی ڕەش کەمی کرد بۆیە سپی ئەتوانێ هێرش بە وەزیر دەست پێبکات بەرەو مات.

....



پ /٢ بە تیرێک جوڵەی یەکەمی سپی بەرەو مات دەستنیشان بکە...؟



لەم حاڵەتەدا سپی دەتوانێت یەکێک لە بەرگریکارەکانی ڕیزی کۆتایی ڕەش لەناوبەرێت بەڵام بێسوودە!


پ /٣ ئەگەر سپی وەک وێنەکە «قەڵا X قەڵا کش» بکات ئەوا باشترین وەڵامی ڕەش چیە و چۆن نەجاتی ئەبێ؟

A. قەڵا X قەڵا
B. وەزیر X قەڵا



پ /٤ لەم وێنەیەدا ئەگەر سپی «وەزیر X قەڵا کش» بکات ئایا ئەتوانێ ڕەش مات بکات؟

A. بەڵێ
B. نەخێر




و ٢/ دوای ئەم جوڵەیە قەڵای ڕەش ناچارە وەزیر بخوات دواتر دوو قەڵاکەی سپی ئامادەن بۆ ماتکردنی ڕەش، سەیری وێنەکە بکە..

و ٣/ جوڵەی ڕاست بریتیە لە B. وەزیر X قەڵا و حاڵەتەکە دەبێتەوە بە دوو دژی دوو.

و ٤/ B.نەخێر، چونکە وەزیری ڕەش وەزیری سپی دەخوات و دەگەڕێتەوە بۆ ڕیزی کۆتایی و حاڵەتەکە ئەبێت بە یەک دژی یەک.

....



پ ٥/ ئەگەر سپی (وەزیر X وەزیر کش) بکات ئەوا ڕەش پێویستە کام جوڵە بکات بۆ دەربازبوونی لە مات؟

A. فیل X وەزیر
B. قەڵا X وەزیر




پ ٦/ سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات بەڵام پێویستە جوڵەی یەکەمی ڕاست بێت، بە تیرێک جوڵەی ڕاست دیاری بکە..؟



پ ٧/ ئایا ئەگەر سپی (وەزیر X قەڵا کش) بکات ئەتوانێ سپی مات بکات؟

A. بەڵێ
B. نەخێر

و /٥ B. قەڵا X وەزیر، پێویستە بە قەڵا بیخۆیت بۆ ئەوەی قەڵا بگەڕێتەوە بۆ بەرگریکردن، ئەگەر بە فیل بیخۆیت سپی ئەتوانێ ماتت بکات.




و /٦ ئامانج لەمە ئەوەیە کە یەکێک لە بەرگریکارەکانی ڕیزی کۆتایی لابەریت و کەمیان بکەیتەوە لە ٢ـەوە بۆ ١، ئەوکات سپی دەتوانێت بە قەڵا کش بکات کە بە سەرباز پارێزراوە..ڕەش ناچارە بە قەڵا بیخوات و سەرباز دەیخواتەوە و پلەی بەرزەبێتەوە بۆ وەزیر یان قەڵا و شای ڕەش مات ئەکات، ئەگەر بێتو وەزیری سپی قەڵاکەی بەرامبەری بخوات ئەوا ڕەش بە وەزیر ئەیخواتەوە و جێی قەڵا ئەگرێتەوە.

و /٧ B. نەخێر چونکە ڕەش بە وەزیر دەیخوات و ئەو دەچێتە جێی قەڵا و ئەبێتە بەرگریکار لە ڕیزی کۆتایی.

....



پ /٨ ئەگەر سپی (قەڵا X قەڵا کش)ـی کرد ئایا ڕەشی پێ مات ئەکرێت؟

A. بەڵێ
B. نەخێر



پ /٩ ئەم حاڵەتە کەمێک قورسە..ئەگەر سپی (قەڵا X قەڵا کش)ـی کرد ئەوا ئایا ئەتوانێت ڕەش مات بکات؟

A. بەڵێ
B. نەخێر

و ٨/ A. بەڵێ، دوای ئەوەی ڕەشیش قەڵا X قەڵا دەکات ئەوا سپی بە وەزیر کش دەکات...
و ٩/ A. بەڵێ، کشی کۆتایی کە ڕەش مات دەکات بە وەزیر ئەبێت.
....

هەندێ کات هەڵبژاردنت لەبەردەستدایە کە ڕاستەوخۆ کش و مات بکەیت یان یەکێ لە بەرگریکارەکان لەناوببەیت، پێویستە بە وردی بیربکەیتەوە:







پ ١٠/ سەیری ئەم دوو وێنەیە بکە و بە تیرێک جوڵەی ڕاست بۆ هەریەکەیان دیاری بکە..







و ١٠/ وێنەی (١): سپی ئەتوانێت ڕاستەوخۆ ڕەش مات بکات چونکە سەرباز ئەو خانەیەی پاراستوە کە وەزیر کشی لێوە ئەکات وەکاتێک ڕەش (قەڵا X وەزیر) ئەکات سپی ئەتوانێ( قەڵا X قەڵا کش) بکات یان (سەرباز X قەڵا و پلەی بەرزەبێت بۆ وەزیر و کش) بکات و هەردووکیان ڕەش بەرەو مات ئەبات، بەڵام ئەگەر سەرەتا لەجیاتی ئەم کشەی بەوەزیر کردت (وەزیر X قەڵا) بکەیت بە مەبەستی کەمکردنەوەی بەرگریکارەکان ئەوا سوودی نابێت چونکە ڕەش بە قەڵا ئەیخوات نەک بە وەزیر.

وێنەی (٢): ئەم جوڵەیە یەکێ لەبەرگریکارەکان کەم ئەکاتەوە و ئەبێتە دوو هێرشبەر بە یەک بەرگریکار و سپی بەئاسانی ڕەش مات ئەکات، قەڵا و سەرباز دژی وەزیر.

....

سەیر بکە چۆن سپی وەزیر ئەکاتە قوربانی بۆ ماتکردنی ڕەش...





| | |
|---|---|
| ١.سپی (وەزیر X قەڵا کش) ئەکات، شای ڕەش ناچارە وەزیر بخوات.. | ٢.ئێستا ئەم قەڵایە بە فیل پارێزراوە دەتوانێت ڕەش مات بکات. |

لەم سێ وێنەیەدا قوربانی کردنی وەزیر ناتگەیەنێت بە مات، تۆ دەبێ ڕوونی بکەیتەوە بۆچی..










پ ١١/ بۆ چی لەم وێنانەدا قوربانی کردنی وەزیر سوودی نیە و سپی ڕەشی بۆ مات ناکرێت..؟

A. سپی هێزی پێویستی نیە بۆ ماتکردنی ڕەش
B. لە کۆتایی حاڵەتەکە ڕەش داشێکی هەیە نێوەندگیری ئەکات
C. لەکۆتایی حاڵەتەکە ڕەش خانەیەکی سەلامەتی هەیە بۆی دەچێت

و ۱۱/ وێنەی (۱): A. سپی هێزی پێویستی نیە..، دوای ئەوەی ڕەش (شا X وەزیر) ئەکات وەزیر و شای ڕەش ئەبنە پاسەوان و بەرگریکاری ڕیزی کۆتایی دژی دوو قەڵای سپی، دوو بە دوو.
وێنەی (۲): C. لەکۆتایی حاڵەتەکە ڕەش خانەیەکی سەلامەتی هەیە بۆی ئەچێت.
وێنەی (۳): B. لەکۆتایی حاڵەتەکە ڕەش داشێکی هەیە نێوەندگیری ئەکات ئەویش فیلە.
....
پێش ئەوەی جۆری تری مات کردن باس بکەین با سەیری ئەم وێنانەش بکەین:



پ ۱۲/ ئایا ئەگەر سپی ئەم جوڵەیە (قەڵا X قەڵا کش) بکات ئەیگەیەنێتە ماتی ڕەش؟

A. بەڵێ
B. نەخێر



پ ۱۳/ سپی هەڕەشەی ئەوەی هەیە کە(قەڵا X قەڵا کش) بکات و دوای ئەوەش بە قەڵاکەی تر ڕەش مات بکات! بەڵام ئێستا نۆرەی ڕەشە بجوڵێت و تەنها یەک جوڵەی ڕاستی هەیە بۆ دەربازبوون لە مات ئەویش...؟

A. قەڵا X قەڵا
B. سەرباز یەک یان دوو خانە بەرەو پێش



پ ١٤/ وای دابنێ کە سپی (وەزیر X قەڵا کش)ـی کرد وەک هێڵەکە..ڕەش ئەبێ بە کام داش وەزی بخواتەوە؟

A. شا
B. قەڵا

و ١٢/ A. بەڵێ دوای ئەوەی ڕەش (شا X قەڵا) ئەکات سپی ئەتوانێ بە قەڵاکەی تر ماتی بکات.
و ١٣/ B. سەرباز یەک یان دوو خانە بەرەو پێش بجولێت، ئەگەر قەڵاکە بخوات دۆڕاوە.
و ١٤ / B. قەڵا، ئەگەر بە شا بیخوات ئەوا سپی بە قەڵا بۆ سەرەوە کش ئەکات و قەڵای ڕەش ناچار بیخوات و قەڵای دووهەمی سپی دێت و ڕەش مات ئەکات.
....
جۆرێکی تری بەرگری کردن لە ڕیزی کۆتایی...



لەم حاڵەتەدا سپی ناتوانێت ڕەش مات بکات، گرنگ نیە کام قەڵای ڕەش دەخۆی چونکە هەردووکیان یەکتریان پاراستوە بەشێوازێکی نا ڕاستەوخۆ



بەڵام لێرە سەرەی هەرکامیان بێ بجولێت ئەوا بەئاسانی ئەتوانێت ئەوی دیکە مات بکات



لێرەدا سپی بە وەزیر کشی کردوە و ڕەش پێویستە بە قەڵا بگەڕێتەوە و نێوەندگیری بکات وەک ئەوەی دیاری کراوە، ئەگەر لەجێی ئەوە (قەڵا X وەزیر) بکات ئەوا بەرەو مات بوون ئەچێت، قەڵاکانی ڕەش بە ناڕاستەوخۆ یەکتری دەپارێزن

**پ ١٥/ بۆ هەر یەک لەم وێنانە بە تیرێک جوڵەی ڕاست دیاری بکە کە دەبێت ڕەش بیکات بۆ ڕزگاربوون لە مات...؟**












و ١٥/ وێنەی (١): قەڵا X قەڵ ، ئەگەر بە فیل بیخوات ڕیزی کۆتایی بەرگری نامێنێت و بە قەڵای سپی مات دەبێت.




وێنەی (٢): قەڵا X قەڵا، ئەگەر بە شا بیخوات مات دەبێت و کشی کۆتایی وەزیر دەیکات.




وێنەی (٣): فیل X قەڵا.

....

پ ١٦/ ئێستا پرسیارت لێدەکرێت لەوەی کە ئایا سپی لەم وێنەیەدا هیچ حاڵەتێکی ماتی هەیە کە بتوانێ بیکات لەوانەی کە فێری بوویت...؟



و ١٦/ قوربانی کردنی وەزیر و دوای ئەوە قەڵا بۆ ڕیزی کۆتایی و کش و مات.



....

پ ١٧/ لەم حاڵەتەدا کام لەمانە ڕاستە...؟

A. سپی ئـەتوانێت ڕەش مات بکات
B. سپی نـاتوانێت ڕەش مات بکات

ئەگەر ئەتوانێت ئەوا جوڵەی ڕاست بە تیرێک دیاری بکە..



پ ١٨/ لەم وێنەیەدا کام لەمانە ڕاستە...؟

A. سپی ئـەتوانێت ڕەش مات بکات
B. سپی نـاتوانێت ڕەش مات بکات

ئەگەر ئەتوانێت ئەوا جوڵەی ڕاست بە تیرێک دیاری بکە..



پ ١٩/ لێرەدا کام لەمانە وەڵامی ڕاستە...؟

A. سپی ئـەتوانێت ڕەش مات بکات
B. سپی نـاتوانێت ڕەش مات بکات

ئەگەر ئەتوانێت ئەوا جوڵەی ڕاست بە تیرێک دیاری بکە..






و ١٧/ B. ناتوانێت.. ، دوای کشی وەزیری سپی ئەوا ڕەش بە وەزیر دەگەڕێتەوە بۆ ڕیزی کۆتایی و نێوەندگیری ئەکات نەک بە قەڵا بیخوات.

و ١٨/ A. ئەتوانێت.. ، سێ بەرامبەر دووە.




و ١٩/ A. ئەتوانێت.. ، سپی بەهۆی ئەم جوڵەیەوە بەرگری ڕەش لە ڕیزی کۆتایی کەم ئەکاتەوە و هێزی پێویستی دەستدەکەوێت بۆ مات کردنی ڕەش.

....



پ ٢٠/ لێرەدا کام لەمانە وەڵامی ڕاستە...؟

A. سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات
B. سپی ناتوانێت ڕەش مات بکات

ئەگەر ئەتوانێت ئەوا جوڵەی ڕاست بە تیرێک دیاری بکە..



پ ٢١/ وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە...؟

A. سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات
B. سپی ناتوانێت ڕەش مات بکات

ئەگەر ئەتوانێت ئەوا جوڵەی ڕاست بە تیرێک دیاری بکە..



پ ٢٢/ لێرەدا کام لەمانە وەڵامی ڕاستە...؟

A. سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات
B. سپی ناتوانێت ڕەش مات بکات

ئەگەر ئەتوانێت ئەوا جوڵەی ڕاست بە تیرێک دیاری بکە..







و ٢٠/ B. ناتوانێت.. ، ئەگەر سپی (وەزیر X قەڵا کش) بکات ئەوا ڕەش بەرگری لەخۆی دەکات بە (وەزیر X وەزیر)، بەڵام ئەگەر سپی (وەزیر X وەزیر) بکات ئەوا پێویستە ڕەش بەو قەڵایە بیخوات کە لەسەر هەمان ستوونە نەک بەو قەڵایەی کە لەتەنیشت شایە چونکە ئەگەر وابکات ئەوا هێزی پێویست ئەداتە سپی و ماتی دەکات.

و ٢١/ A. ئەتوانێت.. ، دوای ئەم جوڵەیە قەڵا ڕەش مات ئەکات.

و ٢٢/ A. ئەتوانێت.. ، ئەم حاڵەتە لەیاریەکی خۆم بوو بە سپی بەرامبەر ڕێشەفیسکی بە ڕەش لە نیویۆرک ساڵی ١٩٦٢،
بەرامبەرەکەم چەند جارێک پاڵەوانی ویلایەتە یەکگرتوەکان بوو، لەڕاستیدا من ئەم حاڵەتەم لەدەستچوو بەڵام لەکۆتاییدا هەر بردمەوە.

....

## پوختەی بەشی سێ:

لەم بەشە چەند شێواز و کۆمەڵە جوڵەیەکی ئاڵۆزی ماتکردن و بەگری کردنت بەرچاوکەوت، وە فێربوویت کە لەهەندێ حاڵەت تەنها هێز بەس نیە و کاریگەری ڕاستەوخۆی نیە تا ئەوکاتەی یەکێك لە بەرگریکار یان پاسەوانەکانی ڕیزی کۆتایی بەرامبەرەکەت لەناو دەبەیت ئەوکات هێز کارا ئەبێت، فێریش بوویت کە پێویستە بەرگریت بەهێزبکەیت بە لەبەرچاوگرتنی چەند خاڵێک وەک بەستنەوەی قەڵاکان و خواردنی سەلامەت، هەروەها پێویستە بزانیت کە ماتکردنی ڕیزی کۆتایی لەهەندێ حاڵەتدا لە ستوونی لاتەنیشتەکانەوە ڕوودەدات وەک ئەم نموونەیەکە لەیاریەکی خۆم بە سپی بەرامبەر پیلنیک بەڕەش ساڵی ١٩٥٩وەرگیراوە:




سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات بە (وەزیر X ئەسپ کش)! دوای (شا X وەزیر) ئەوا قەڵا یەک خانە دەجوڵێت بۆ لای ڕاست و شای ڕەش مات دەکات، ئەمە کۆتایی بەشی سێیە.

# بەشی چوارەم
# دوور ختسنەوەی پاسەوانەکان

**هەندێ کات داشەکانی بەرامبەر وەک بەربەستێک وان لەبەردەم کش و ماتدا، بۆیە پێویستە ئەم داشانە دوور بخرێنەوە بۆ ئەوەی کش و مات بە سەرکەوتووی ئەنجام بدرێت.**




تێبینی وەرگێڕ: لێرەوە بۆ جارێکی تر شێوەی بۆردەکە و داشەکانم گۆڕی بۆئەوەی لە بێزاری بە دووربین، جگە لەوەش یاریزان ئەبێ لەسەر هەر جۆرە بۆردێک و هەر شێوە داشێک بێت یاری خۆی بکات و هەمیشە ئامادە بێت نەک بە بیانوو بێت و بڵێت من هەر بە یەک شێوازی بۆرد و داش ئەزانم یاری بکەم، ئێستاش با پێکەوە بەردەوام بین لە فێربوونی شەترەنج لەگەڵ بۆبی فیشەر.





١. سپی دەتوانێت بە ئاسانی ڕەش مات بکات، لەوانەیە کەمێک قورس دەربکەوێت چونکە هەر قەڵایەک کش بکات لە لایەن فیلەوە ئەخورێت، وێنەی (١).

٢. قەڵای لای چەپی سپی کشی کردوە (خۆی کردۆتە قوربانی!) بۆیە پێویستە فیل بیخوات، وێنەی (٢).


٣. ئێستە قەڵای دووهەم ئەتوانێت کش و مات ئەنجام بدات، بیرۆکەی ئەم جوڵەیە بریتیە لە دوورختنەوەی فیلی ڕەش کە پاسەوانی هەردوو خانەی سەرەکی دەکرد کە سپی تێیدا هێرشی دەکرد، وێنەی (٣).

٤. چی دەبوو ئەگەرسپی لەسەرەتاوە بە قەڵای دەستە ڕاست کشی بکردایە؟ دوای ئەوەی کە فیل دەیخوات قەڵای چەپ ئەچێتە ڕیزی کۆتایی و هەڕەشەی کش و مات دەکات بەڵام شای ڕەش ڕاستەوخۆ کش نیە بۆیە ڕەش دەرفەتی بۆ دروستبوو کە ئەو ماتی سپی بکات بەو شێوەیەی وێنەی (٤).



پ ١/ پێویستە سپی بەکام جوڵە دەستپێبکات بۆ ئەوەی بگاتە حاڵەتێک تێیدا ڕەش کش و مات بکات؟

A. قەڵا لە هێڵە سوورەکەوە کش بکات
B. قەڵا لە هێڵە شینەکەوە کش بکات




پ ٢/ وادابنێ کە سپی قەڵای بردە ڕیزی کۆتایی بە کشەوە و هەڕەشەی کش و مات دەکات.. ئایا ڕەش کام جوڵەیە بکات بۆ ئەوەی دەربازی ببێت لە مات؟

A. ئەسپ X قەڵا
B. فیل X قەڵا



پ ٣/ لەم حاڵەتە هاوشێوەیەدا جوڵەی یەکەمی سپی بەرەو کش و مات دیاری بکە...



و ١/ A. قەڵا لە هێڵە سوورەکەوە ئەبێ کش بکات، قەڵای دووهەم ڕەش مات ئەکات دوای (ئەسپ X قەڵا).
و ٢/ B. فیل X قەڵا ، نابێت ئەسپەکە جێی خۆی چۆڵ بکات.
و ٣/ (قەڵا X قەڵا کش) دوای ئەوەی ڕەش بە ناچاری (فیل X قەڵا) ئەکات ئەوا ڕێگە بە قەڵای دووهەمی سپی دەدات و کش و ماتی دەکات، سەیری وێنەکە بکە.
....

لەم چەند وێنەیەی داهاتوو پرسیارت لێ دەکرێت کە ئایا سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات بە دوورخستنەوە و لەناوبردنی یەکێ لە بەرگریکار و پاسەوانەکان...



پ ٤/ ئایا لەم وێنەیەدا سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات بە دوورخستنەوەی وەزیری ڕەش؟

A. بەڵێ
B. نەخێر

ئەگەر بەڵێ ئەوا جوڵەی یەکەمی سپی دیاری بکە..



پ ٥/ لەم حالەتەدا سپی توانای ماتکردنی ڕەشی هەیە بە دوورخستنەوەی یەکێ لە پاسەوانەکانی ڕیزی کۆتایی؟

A. بەڵێ
B. نەخێر

ئەگەر بەڵێ ئەوا جوڵەی یەکەم دیاری بکە..

و ٤/ B. نەخێر ناتوانێت، ئەم ڕێگایە بۆ ئەم حاڵەتە سوودی نیە چونکە وەزیر هێشتا هەر ئاگاداری ڕیزی کۆتاییە و دوور نەکەوتۆتەوە.


و ٥/ B نەخێر ناتوانێت، هەرچەندە ئەسپ دوور ئەخاتەوە بەڵام هێشتا فیل پاسەوانی ئەو خانەیە ئەکات.

....


پ ٦/ ئایا لەم سێ حاڵەتەدا سپی ئەتوانێ ڕەش مات بکات بە دوورخستنەوەی یەکێ لە پاسەوانەکان؟

ئەگەر ئەتوانێت جوڵەی یەکەم دیاری بکە..

وێنەی (١):




وێنەی (٢):





وێنەی (٣):







FB: Madara Kurdish







**و ٦/ وێنەی (١): بەڵێ ئەتوانێت، سەرەتا ئەسپی ڕەش ناچار ئەکەیت دوور بکەوێتەوە بۆئەوەی ڕێگەی قەڵا بکرێتەوە بۆ کش و مات، نێوەندگیری فیل هەیە بەڵام بێ سوودە.**
**وێنەی (٢): ئەتوانێت ڕەش مات بکات، کاتێ دوای ئەم جوڵەیەی وێنەکە ڕەش (ئەسپ X قەڵا) ئەکات ئەوا ڕێگە خۆش ئەکات بۆ قەڵاکەی تری سپی تا بێت ماتی بکات، ئەگەر بێتو ئەسپەکە لەجیاتی خواردنی قەڵا نێوەندگیری بکات ئەوا سپی بە ئاسانەی (قەڵا X ئەسپ کش) ئەکات و ڕەش مات ئەبێ.**
**وێنەی (٣): ناتوانێت، دوورخستنەوەی ئەسپی ڕەش سوودێکی نابێت چونکە شای ڕەش ئەتوانێ هەڵبێت بۆ خانەیەکی چۆڵ و سەلامەت.**
**....**
**لەم جۆرە حاڵەتانەدا پێویستە شای بەرامبەر دووربخەیتەوە لەو خانەیەی کە ئەتوانێت لێوەی بەرگری لەخۆی بکات:**







| | | |
|---|---|---|
| **١. سپی ناتوانێت ماتی ڕەش بکات چونکە دوو بەرگریکاری ڕیزی کۆتایی هەیە(شا و قەڵا)، بیرۆکەی سپی لێرە ئەوەیە کە ئەبێ شای بەرامبەرەکەی دووربخاتەوە بەجۆرێک وای لێبکات کە یەکێک نەبێت لە بەرگریکارەکان...** | **٢. لەبەر ئەوە ئەبێ سپی بەم کشە شای ڕەش ناچار بکات کە دوور بکەوێتەوە...** | **٣. ئێستا کە شا دوور کەوتەوە سپی بە ئاسانی ئەتوانیت کش و ماتی خۆی ئەنجام بدات و بە وەزیر کش بکات لەدوای خواردنی وەزیر بە قەڵای ڕەش..قەڵای سپی قەڵای ڕەش دەخوات و کش و مات ئەنجام دەدات.** |



پ ٧/ ئایا سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات ئەگەر ئەم کشە بکات وەک وێنەکە؟

A. بەڵێ
B. نەخێر




پ ٨/ ئەگەر وەزیری سپی ئەم کشە بکات بۆ دورخستنەوەی شا ئایا ئەیگەیەنێت بە مات؟

A. بەڵێ
B. نەخێر

....

چەند ڕێگەیەک هەیە بۆ دوورخستنەوەی شا لەو خانەیەی کە ئەتوانێ لێوەی بەرگری لەخۆی بکات بۆ نموونە هەندێ حاڵەت ئەتوانی بیکەیتە گۆشەی بۆردەکە ئەمانەش چەند نموونەیەک:







١. لێرەدا ئەسپ ئەتوانێت ئەو کشە بکات و شا دوور بخاتەوە..
٢. دوای ئەوەی شا بە ناچاری دوورکەوتەوە بۆ سووچی بۆردەکە قەڵای سپی ئەتوانێ بە ئاسانی (قەڵا X قەڵا کش مات) بکات.




**(و B/۷. نەخێر. و B/۸. نەخێر.)**

**۱. قەڵای سپی شای ڕەش کش ئەکات و قەڵای ڕەش ناچارە نێوەنگیری بکات بۆ وەستاندنی کشەکە..**



**۲. ئێستا فیل دێت و کشێکی تر دەکات و شای ڕەش بە ناچاری چووە سووچی بۆردەکە، (قەڵای ڕەش ناتوانێ نێوەندگیری فیلیش بکات چونکە بەقەڵا بەستراوەتەوە) دوای ئەوە سپی (قەڵا X قەڵا کش مات) دەکات.**

**....**




**۱. شای ڕەش لەژێر کشی وەزیری سپیدایە، بۆیە پێویستە وەزیری ڕەش بێت و نێوەندگیری بکات بۆ وەستاندنی کشەکە...**



**۲. ئێستا سپی (فیل X سەرباز کش) دەکات، ڕەش چی پێئەکرێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەمە؟ وەک دیارە وەزیری ڕەش بەستراوەتەوە و ناتوانێ فیل بخوات شاش ناتوانێ بیخوات چونکە بە وەزیری سپی پارێزراوە، بۆیە تاکە شت کە ماوە ئەوەیە شا بڕواتە سووچەکە و سپی (وەزیر X وەزیر کش مات) بکات.[5]**

[5] تێبینی وەرگێڕ: وەک ڕەوشتێکی یاریزانی شەترەنج لەم کاتانەدا کەئەزانی دۆڕاویت وا جوانترە خۆت بەدەستەوە بدەیت.







**(١). قەڵای سپی کش دەکات.. ، (٢). ڕەش تەنها دوورکەوتنەوەی هەیە بە شا، دوای ئەوە سپی (وەزیر X وەزیر کش مات دەکات).**

**....**

**(١). هەندێ جار تەنانەت سەربازێکی لاوازیش ئەتوانێت کارێکی بەسوودی لەم جۆرە بکات.. ، (٢). تێبینی بکە کە سەرباز بە ئەسپ پارێزراوە بۆیە شا ناتوانێ دەستی لێبدات، ڕەش هەر ئەوەی بۆ ئەکرێ کە دوور بکەوێتەوە و سپیش ئێستا (وەزیر X وەزیر کش مات) ئەکات.**








پ ٩/ بە تیرێک جوڵەی ڕاست بۆ سپی دیاری بکە تا بتوانێ ڕەش مات بکات...



پ ١٠/ لێرەش جولەی ڕاست بۆ سپی بە تیرێک دیاری بکە تا کە بەرەو ماتی ڕەشی دەبات....




با پێکەوە بگەڕێین بە شوێن چەند حاڵەتێکی بەرگری دژی هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی داشەکان...

پ ١١/ بەپێی ئەم وێنەیە وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بدەرەوە..

١. بەرگری ڕەش چیە دژی کشی فیل لەخانەی ژمارە (١)ـەوە؟
٢. بەگری ڕەش چیە دژی کشی وەزیر لەخانەی ژمارە (٢)ـەوە؟

و ٩/ ئەم جوڵەیە ئەبێتە هۆی دوور خستنەوەی شای ڕەش بۆ سووچی بۆردەکە بۆئەوەی سپی بتوانێ (قەڵا X قەڵا کش مات) بکات.
و ١٠/ دوای ئەم جوڵەیە سپی (وەزیر X وەزیر کش مات) دەکات.








و ١١/ ١. سەربازی ڕەش یەک خانە یەتە پێش و بەردەمی فیل ئەگرێت و کشەکە ئەوەستێنێت. ٢. وەزیری ڕەش وەزیری سپی ئەخوات.
....

پ ١٢/ لەم حاڵەتەدا سپی ئەتوانێت لە چەند ڕێگەیەکەوە کش بکات بەڵام یەکێکیان ڕاستە و بەرەو ماتی ڕەش ئەچێت...تۆ بیدۆزرەوە کامە جوڵە ڕاستەکەیە؟

A. فیل بۆ خانەی ژمارە ١
B. وەزیر بۆ خانەی ژمارە ٢





پ ١٣/ وەزیری سپی لە کام خانەوە کش بکات..؟

A. خانەی ژمارە ١
B. خانەی ژمارە ٢




پ ١٤/ لەم حاڵەتەدا پێویستە سپی شا یان یەکێ لە پاسەوانەکان دوور بخاتەوە، بە تیرێک جوڵەی ڕاست دیاری بکە...؟






و ١٢/ A. فیل بۆ خانەی ژمارە ١.
و ١٣/ B. خانەی ژمارە ٢، ئەگەر لە خانەی ١ـەوە کش بکات هێزی پێویستی نابێت بۆمات کردن.
و ١٤/ سەیری وێنەکە بکە...

....



پ ١٥/ جوڵەی ڕاست بۆ سپی بە تیرێک دیاری بکە..؟



پ ١٦/ جوڵەی ڕاست بۆ سپی بە تیرێک دیاری بکە..؟




پ ١٧/ ئەگەر بە جوانی سەیری ئەم حاڵەتە و هەموو داشەکان نەکەیت ئەوا هەموو هەوڵ و هێرشەکانی سپی نابینیت کە هەیەتی..بۆیە بە جوانی سەیری بکە و جوڵەی ڕاستی سپی دیاری بکە..؟



و ١٥/ دوای ئەم جوڵەیەی سپی ڕەش ناچارە شا بجوڵێنێت بۆ سووچی بۆردەکە و سپیش ماتی ئەکات بە: وەزیر X وەزیر کش مات.



و ١٦/ تیبینی ئەوە بکە کە وەزیری سپی ناتوانێت شا ناچار بکات بجوڵێت بۆ سووچی بۆرد چونکە وەزیری ڕەش پاسەوانی ئەو خانەیە ئەکات، بەڵام فیل ئەتوانێت...



و ١٧/ سپی ئەتوانێ هەردووکیان بکات و هەردوو ڕێگەکە ئەیگەیەنێتە هەمان ئەنجام ئەویش ماتی شای ڕەشە، ڕێگەی یەکەم: فیل X سەرباز کش..شا خانەیەک بۆ لای چەپ..وەزیر بۆ ڕیزی کۆتایی و کش..قەڵا X وەزیر..قەڵا X قەڵا کش مات.

ڕێگەی دووهەم: وەزیر بۆ ڕیزی کۆتایی و کش.. قەڵا X وەزیر..فیل X سەرباز کش..شا خانەیەک بۆ لای چەپ..قەڵا X قەڵا کش مات.

بەڵام کشی فیل لە خانەی (X)ـەوە هیچ سوودی نیە و سەربازی ڕەش ئەتوانێ نێوەندگیری بکات.

**بڕوانە ئەم حاڵەتە:**



**١.ئەم حاڵەتە زۆر بێ زیان دیارە بەڵام سپی ئەتوانێ مات بەدەست بهێنێت...**



**٢.جوڵەی یەکەم بریتیە لە کشی ئەسپ وەک لە وێنەکەدا دیارە! ئەگەر شای ڕەش بچێتە سووچەکە ئەوا وەزیر بەبێ پارێزگاری جێ دەهێڵێت، بۆیە پێویستە (سەرباز X ئەسپ) بکات...**



**٣.ئێستا بیرۆکەکە بەتەواوی ڕوونە! ئەمە نموونەیەکە بۆ گۆڕانی حاڵەتەکە، وەک لە وێنەکەدا دیارە قەڵا ئەو کشە دەکات و شا دوور دەخاتەوە بۆ سووچەکە، دوای ئەوە وەزیر وەزیری ڕەش دەخوات و شای ڕەش کش و مات دەبێت.**



پ ١٨/ ئەسپی سپی شای ڕەشی کش کردوە، ڕەش ئەتوانێت لە کش و مات دەربازی ببێت بە کردنی کام لەمانە...

A. سەرباز X ئەسپ
B. ئەسپ X ئەسپ
C. شا بۆ سووچی بۆردەکە




پ ١٩/ کشی ئەسپ لە کام خانەیەوە دەیگەیەنێتە ماتی ڕەش..؟

A. خانەی ١
B. خانەی ٢
C. هەردووکیان



پ ٢٠/ لێرەدا سپی ئەیەوێت شای ڕەش دوور بخاتەوە بۆ سووچی بۆردەکە ئایا سەرکەوتوو دەبێت و ئەیگەیەنێتە ماتی ڕەش؟

A. بەڵێ
B. نەخێر



پ ٢١/ ئایا ئەگەر لێرەدا ئەسپی سپی کش بکات سوودی دەبێت؟

A. بەڵێ
B. نەخێر







و ١٨/ B. ئەسپ X ئەسپ، ئەگەر بێتو بە سەرباز بیخوات ئەوا قەڵا کش دەکات لەو خەتەوە کە سەرباز کردیەوە و قەڵاکەی تر شا مات دەکات، سەیری وینەکە بکە...

و ١٩/ C. هەردووکیان، پێویستە سەربازی ڕەش ئەسپەکە بخوات کە کشی کرد، ئەوجا وەزیر کش ئەکات و شا بەرەو مات دەبات.

و ٢٠/ B. نەخێر، سەیری وێنەکە بکە: دوای کشی ئەسپ قەڵای سپی کش دەکات بەڵام قەڵای ڕەش ئەتوانێ نێوەندگیری بکات و هەڕەشەکە بوەستێنێت، گرنگ نیە لەکام لاوە ئەسپ کش بکات هەر هەمان ئەنجام دەرەچێت.

و ٢١/ A. بەڵێ، دوای کشی ئەسپ ئەگەر بە سەرباز خواردی وەزیر ئەتوانێ شای ڕەش دووربخاتەوە، ئەگەر چووە سووچی بۆردەکە قەڵا ئەتوانێ قەڵای ڕەش بخوات و کش و مات.

....

پێداچوونەوە: لەهەموو ئەم چەند حاڵەتەی داهاتوودا سپی ئەتوانێت ماتی ڕەش بەدەستبێنێت، هەندێکیان بە یەک جوڵەیە و هەندێکیان کۆمەڵێک جوڵەیەکە لە ڕیزی کۆتایی و هەندێکی تریان بە دوورخستنەوەی شا یان یەکێ لە داشە پاسەوانەکان دەبێت:

پ ٢٢/ بە تیرێک جوڵەی ڕاستی سپی بۆ هەریەک لەمانە دیاری بکە:









**و ٢٢/**










| | | |
|---|---|---|
| **١. وەزیر بۆ سەرەوە شای ڕەش مات دەکات، بێگومان کشی فیل نە سوودی هەیە نە پێویستیشە چونکە ماتت هەیە لە یەک جوڵە پێویستت بە جوڵەی زیادە نیە.** | **٢.شای ڕەش بەم جوڵەیە ناچارەبێ بچێتە سووچەکە ، ئێستە سپی هێزی پێویستی هەیە بۆ مات کردنی...** | **٣....کش و مات لەجوڵەی دواتردا دەبێت بە قەڵا.** |

**....**

**پ ٢٣/ بە تیرێک جوڵەی ڕاستی سپی بۆ هەریەک لەمانە دیاری بکە:**











و ٢٣/








| | | |
|---|---|---|
| ١.ئەگەر ڕەش (سەرباز X ئەسپ)ی کرد ئەوا وەزیری سپی شا دوورەخاتەوە بۆ سووچی بۆردەکە بە کش و دواتر قەڵا کش و ماتی دەکات، ئەگەریش ئەسپەکەی نەخوارد و دوورکەوتەوە ئەوا سپی: (قەڵا X قەڵا کش مات دەکات. | ٢.شای ڕەش ناچارە قەڵای سپی بخواتەوە و قەڵاکەی تر دێت کش و ماتی دەکات. | ٣. فیلی ڕەش قەڵای کشکردوو دەخوات و قەڵاکەی تری سپی دێت و ڕەش کش و مات دەکات. |

....


**پ ٢٤/ بە تیرێک جوڵەی ڕاستی سپی بۆ هەریەک لەمانە دیاری بکە:**








و ٢٤/


| | | |
|---|---|---|
| ١.دوای ئەم جوڵەیە شا هەر ئەوەی هەیە بچێتە سووچەکە و سپیش (قەڵا X قەڵا کش مات) دەکات | ٢.دوای دوورسختنەوەی شای ڕەش..سپی هێزی پێویستی دەبێت بۆ مات کردنی ڕەش | ٣.دوای ئەوەی شا ناچار کرا بجوڵێت یەکێ لە پاسەوانەکانی ڕیزی کۆتایی کەمی کرد... |

**پوختەی بەشی چوار:**



ئەم حاڵەتە لە یاری خۆم بە ڕەش بەرامبەر هێربێرت سیدمان بە سپی ساڵی ١٩٧٥ لە پاڵەوانێتی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەرگیراوە، سپی ئەیەوێت فیل بخوات با پێکەوە ببینین چی دەبێت ئەگەر وا بکات:
قەڵا X فیل..قەڵا X قەڵا..وەزیر X قەڵا..




دوای ئەم جوڵانە حاڵەتەکە بەم جۆرەی لێهات، ئێستا من (ڕەش) ئەتوانم (وەزیرX سەرباز کش) بکەم و شای سپی ناچار بکەم دووربکەوێتەوە و لە ڕیزی کۆتایی ماتی بکەم.

بەشی چوار کۆتایی هات بەردەوامبە بۆ بەشی پێنج...

# بەشی پێنجەم
# هێرش بۆسەر بەرگە سەربازی شای بەرامبەر

هەندێک جار شای بەرامبەرەکەت وا دەردەکەوێ کە سەلامەتە و بە داشەکانی خۆی دەورە دراوە لەهەموو لایەکەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەکرێ بە قوربانیەک ئەو بەرگە پارێزەرەی تێک بشکێنرێت و مات بکرێت،(بەرگی پارێزەر بریتین لەو سەربازانەی کە لەدوای ماڵکردن دەوری شا دەدەن و دەیپارێزن) هەموو حاڵەتەکانی ئەم بەشە قوربانی کردن و تێک شکاندنی بەرگی پارێزەری شای بەرامبەر لەخۆ دەگرێت. سەیری ئەم حاڵەتە بکە:




١. سپی بە ئاسانی ئەتوانێت ڕەش مات بکات بەڵام ئەبێت جوڵەی ڕاستی یەکەم بدۆزێتەوە گەر وانەکات ئەو دەدۆڕێت...
٢. جوڵەی سەرەکی بریتیە لە وەزیر X سەرباز کش (وەزیر خۆی دەکاتە قوربانی)...
٣. قەڵای ڕەش وەزیری خوارد، تێبینی ئەوە بکە کە شا خۆی ناتوانێت وەزیر بخوات چونکە وەزیر بە فیل پارێزراوە...
٤. پاشان ئەم کشەی قەڵا ڕەش مات دەکات! ، قەڵای ڕەش ناتوانێ هیچ بکات چونکە بەستراوەتەوە.

سەیری ئەمەش بکە:




وەزیری سپی سەربازی ڕەش دەخوات بە کشەوە، ڕەش بڕیاری دا کە نەیخوات و بچێتە سووچەکە...



بەڵام وەک دەبینی هیچ سوودی نیە و سپی ئەتوانێ بە وەزیرX قەڵا کش مات یاریەکە کۆتایی پێ بهێنێت.

....
لەم چەن حاڵەتەی داهاتوو پێویستە تۆ ڕوونی بکەیتەوە کە ئایا قوربانی کردن (وەک ئەوەی کە فێری بوویت) سوودی دەبێت بۆ گەیشتن بە مات یان نا...



پ /١ ئایا ئەم جوڵەی (وەزیر X سەرباز کش)ـە سوودی دەبێت بۆ بەدەستهێنانی مات؟

A. بەڵێ
B. نەخێر



پ /٢ جوڵەی (وەزیر X سەرباز کش) لێرەدا سوودی هەیە بۆ ماتکردنی ڕەش؟

A. بەڵێ
B. نەخێر

و ١/ B. نەخێر، چونکە قەڵا یان شای ڕەش ئەتوانن وەزیر بخۆن بەبێ بوونی هیچ مەترسیەک، توخمی سەرەکی بۆ ئەم جۆرە ماتە بوونی نیە کە بریتیە لە (فیل لە نموونەکانی پێشوودا).

و ٢/ A. بەڵێ، چونکە لێرە ئەو فیلە هەیە کە یارمەتیدەری ئەم جۆرە ماتەیە، دوای ئەوەی ڕەش قەڵا X وەزیر ئەکات سپی بە قەڵا دێت و ڕەش مات دەکات.


....

پ ٣/ ئایا خۆ کردنە قوربانی وەزیر لەم سێ حاڵەتەدا بەسوود دەبێت بۆ گەیشتن بە مات؟
وەڵامی ڕاست بۆ هەریەکەیان هەڵبژێرە...

A. بەڵێ
B. نەخێر



وێنەی (١)




وێنەی (٢)



وێنەی (٣)

و ٣/ وێنەی (١): A. بەڵێ، دوای ئەوەی ڕەش وەزیر X وەزیر دەکات ئەوا قەڵا دێت و کش و ماتی ڕەش دەکات.
وێنەی (٢): B. نەخێر، ڕەش قەڵا X وەزیر دەکات و پاشان قەڵای سپی دێتە ڕیزی کۆتایی و کش ئەکات بەڵام بێسوودە چونکە شا ئەتوانێت دەرباز ببێت.
وێنەی (٣): A. بەڵێ، قوربانیەکە لێرە بەسوودە و ڕەش مات دەبێت.
....

پ ٤/ لەم سێ حاڵەتەدا قوربانی کردنەکە بە سوود نیە و تۆش دەبێ ڕوونی بکەیتەوە بۆ هەر حاڵەتێکیان کە بۆچی بە سوود نیە...؟



وێنەی (١)



وێنەی (٢)




وێنەی (٣)


FB: Madara Kurdish

و ٤/
وێنەی (١): سوودی نیە لەبەر ئەوەی فیلی ڕەش نێوەندگیری دەکات و کشی قەڵا ئەوەستێنێت.
وێنەی (٢): سوودی نیە لەبەر ئەوەی ئەسپی ڕەش وەزیر ئەخوات، ئەگەر ئەو ئەسپە لەوێدا نەبووایە سوودی دەبوو.
وێنەی (٣): سوودی نیە لەبەر ئەوەی کە قەڵای سپی بەستراوەتەوە و ناتوانێت کش بکات.
....
پ ٥/ لە یەکێک لە یاریەکانی خۆمەوە:
ئەگەر تۆ ڕەش بوویتایە لەم حاڵەتەدا چیت دەکرد؟
ڕەش دوو هەڕەشەی بۆ سپی هەیە کامیان باشترین جوڵەیە بەتیرێک دیاری بکە..؟





و ٥/ تێبینی ئەوە بکە کە (وەزیر X سەرباز کش) (هێڵە سوورەکە) سپی بەرەو مات دەبات، ئەم یاریەم لەگەڵ مامۆستایەکی شەترەنجی سویسری بوو ساڵی ١٩٥٩، من سپیم پێ بوو بەڵام نۆرەی من بوو بجوڵێم نەک ڕەش! ، جوڵانی قەڵا بەو جۆرەی هێڵە شینەکە هەردوو هەڕەشەکە دەوەستێنێت.

....

لەم حاڵەتەدا سپی هێرشێک دەکاتە سەر سەربازە نزیکەکانی شای ڕەش تا دووری بخاتەوە:



١. سپی بە وەزیر X سەرباز کش دەستی پێکرد، ڕەش ناچارە بە قەڵا X وەزیر وەڵامی بداتەوە، تێبینی ئەوە بکە کە ئەسپ وەزیری پاراستوە و ڕێگە نایات شا بیخوات...



٢. دوای خواردنی وەزیر ، قەڵا هەڕەشەی کشی هەیە بەڵام قەڵای ڕەش ئەتوانێ نێوە گیری بکات...




٣. ئێستاش فیلی سپی دێتە ناو بابەتەکە و ئەو کشە ئەکات کە ئەبێتە هۆی دوورخستنەوەی شا بۆ سووچەکە و بەجێمانی قەڵای ڕەش بەتەنیا!
دواتریش خۆت ئەزانیت کە چۆن سپی ماتی ئەکات.



پێویستە دڵنیا بیتەوە لەوەی هەموو بەش و پێکهاتە پێویستەکانی ماتت هەیە ئەگینا تەنها وەزیرەکەت بە خۆڕایی لەدەست دەدەیت!
لێرەدا وادەرئەکەوێ کە قوربانیکردنی وەزیر بەسوود بێت بەڵام لەڕاستیدا وانیە و بێ سوودە، ڕەش ئەتوانێت لە مات دەربازی بێت بە خواردنی وەزیری سپی بە شا! ئەگەر بە قەڵا بیخوات ئەدۆڕێت.
....
ببینە کە چۆن لەم حاڵەتەش قوربانی کردن بێسوودە:



١. سەرەتای حاڵەتەکە بەم جۆرەیە و سەرەی سپیە جوڵە بکات..



٢. وەزیری سپی سەرباز دەخوات بە کشەوە..



٣. قەڵای ڕەش وەزیری خوارد و بەمەش ڕێگەیدا کە قەڵای سپی کش بکات..



٤. قەڵای سپی کشی خۆی کرد..بەڵام ڕەش بەرگریەکی ئاسانی هەیە ئەویش ئەو قەڵایەی کە وەزیرەکەی خوارد بگەڕێتەوە ڕیزی کۆتایی بۆ جێی خۆی! خۆ ئەگەر بێتو بە قەڵاکەی تر بیخوات ئەوا ئەدۆڕێت.



٥. پاشان سپی ئەم کشەی هەیە بە فیل کە شای ڕەش ناچارەکات بچێتە سووچەکە..
وادەرەکەوێ هەموو شتێ بە پێی پلانەکە باش ئەڕوات!




٦. بەڵام سەیرکە ئەی ئێستا سپی بۆ بەردەوام بوونی هێرشەکە و ماتکردنی شای ڕەش چی بکات؟!
هیچ! ، ڕیزی کۆتایی ڕەش بەرگری پێویستی هەیە و سپی ناتوانێ ماتی بکات، سپی تەنها وەزیرەکەی بە بەلاش و بێ سوود لەدەستدا!



پ ٦/ ئەم حاڵەتە تاقی بکەرەوە بزانە هەموو پێکهاتەکە پێویستەکانی مات بوونی هەیە یان نا؟ ، ئایا بە قوربانی کردنی وەزیر سپی ئەگاتە ماتی ڕەش؟

A. بەڵێ
B. نەخێر



پ ٧/ قوربانیکردنی وەزیر سوودی هەیە؟

A. بەڵێ
B. نەخێر



پ ٨/ ئەبێ تۆ بیری تەواوت کردبیتەوە و لە خەیاڵی خۆت بزانیت کە لەهەندێ لەم حاڵەتانە ماتی تێدا نیە و قوربانیەکەت بێسوود دەبێ، بۆ ئەمەیان شتێکی ترت لێ ئەپرسم:

دوای کشی وەزیر ڕەش چۆن بەرگری لەخۆی بکات و دەربازی ببێت؟

A. شا دووربخاتەوە
B. وەزیر بە وەزیر بخوات

و ٦/ A. بەڵێ، وەزیر X سەرباز کش..قەڵا X وەزیر..قەڵا بۆ ڕیزی کۆتایی و کش مات.
و ٧/ A. بەڵێ، دوای ئەوەی ڕەش قەڵا X وەزیر ئەکات قەڵای سپی دەچێتە سەرەوە و کش..قەڵای ڕەش نێوەندگیری ئەکات..فیلی سپی بە کش شای ڕەش ناچار ئەکات دووربکەوێتەوە.. سپیش قەڵا X قەڵا کش مات دەکات.
و ٨/ A. شا دوور بخاتەوە، ئەگەر وەزیر X وەزیر بکات ئەوا سپی ئەتوانێ ماتی بکات بە قەڵا بۆ ڕیزی کۆتایی و کش..قەڵا X قەڵا.. قەڵا X قەڵا کش مات.
....




لێرەدا وەزیری سپی سەربازی خواردوە بە کشەوە و قەڵای ڕەشیش وەزیر ئەخوات...



پاشان قەڵای سپی کش ئەکات و قەڵای ڕەش ئەبێ بگەڕێتەوە جێی خۆی و نێوەندگیری بکات...



ئێستاش سەیرکە حاڵەتەکە بوو بە دوو بەرامبەر یەک! سپی ئەتوانێ بە هەر کام لە قەڵاکانی بێت ڕەش مات بکات.




ئەمەش جۆرێکی تر:

١.وەزیر X سەرباز کش..(پێویستە قەڵا بیخوات)
٢.قەڵا بۆ سەرەوە و کش..(پێویستە قەڵا نێوەندگیری بکات بۆ وەستاندنی کشەکە)
٣.فیل کشی کۆتایی ئەنجام ئەیات و شای ڕەش مات دەکات.

....

لە حاڵەتەکانی پێشوو بینیت کە چۆن جوڵەی (وەزیر X سەرباز کش) و دوورخستنەوەی یەکێ لە پاسەوانەکانی ڕیزی کۆتایی بەرامبەرەکەت بەرەو مات ئەبات، لە وێنەکانی داهاتوو پێویستە لەسەرت جوڵە پێویستەکان ئەنجام بدەیت و لە کۆتایی بازنەیەک بهێنیت بە دەوری ئەو داشەدا کە کشی کۆتایی و مات ئەنجام دەدات...

سەیری ئەم حاڵەتە بکە:




وەزیر X سەرباز کش..قەڵا X
وەزیر..قەڵا بۆ ڕیزی کۆتایی
و کش مات.
کەواتە کشی کۆتایی بە قەڵا بوو کە بازنەی بە دەور هاتوە...

**پ ٩/ لەم سێ حاڵەتە بازنە بهێنە بە دەوری ئەو داشەدا کە ڕەش کش و مات دەکات...**




**وێنەی (١)**




**وێنەی (٢)**




**وێنەی (٣)**










و ٩/ وێنەی (١): وەزیر X سەرباز کش..قەڵا X وەزیر..قەڵا بۆ ڕیزی کۆتایی و کش..قەڵا نێوەندگیری دەکات..فیل کش و مات.

وێنەی (٢): وەزیر X سەرباز کش..قەڵا X وەزیر..قەڵا بۆ ڕیزی کۆتایی و کش..قەڵا نێوەندگیری دەکات..سەربازی دیاریکراو دەچێتە پێش و کش و مات.

وێنەی (٣): وەزیر X سەرباز کش..قەڵا X وەزیر..قەڵا بۆ ڕیزی کۆتایی و کش..قەڵا نێوەندگیری دەکات..فیل دەچێتە خانەی X و کش و مات.

....

**(١): لێرەدا قوربانی کردنی وەزیر هیچ سوودێکی نابێت، بەڵام قوربانی کردنی قەڵا زۆر بە سوودە!**

**(٢): شای ڕەش ناچارە بیخوات و ئێستاش وەزیر ئەتوانێ ماتی بکات هەر وەک بە هێڵێک دیاری کراوە، ئەم ماتە هاوشێوەی ماتی ڕیزی کۆتاییە.**






**لە چەند وێنەی داهاتوو پێویستە تۆ دیاری بکەیت کە ئایا قوربانیەکە بەسوودە یان نا..**

**پ ١٠/ ئایا سپی ئەتوانێت حاڵەتێکی مات بۆ ڕەش دروست بکات بە (وەزیر X سەرباز کش)؟**

**A. بەڵێ**
**B. نەخێر**




**وێنەی (١)**




**وێنەی (٢)**




**وێنەی (٣)**

و ١٠/ وێنەی (١): A. بەڵێ، بەم جۆرە ئەتوانێ ڕەش مات بکات: وەزیر X سەرباز کش..شا X وەزیر..قەڵا دوو خانە بۆ لای ڕاست کش مات.
وێنەی (٢): A. بەڵێ، تێبینی ئەوە بکە کە ئەسپ ڕێگرە لە هەڵهاتنی شا.
وێنەی (٣): B. نەخێر، لەدوای کش و خواردنەکان شا خانەی هەڵهاتنی ئەبێت.
....

پ ١١/ ئایا سپی ئەتوانێت حاڵەتێکی مات بۆ ڕەش دروست بکات بە (وەزیر X سەرباز کش)؟

A. بەڵێ
B. نەخێر




وێنەی (١)




وێنەی (٢)

**و ١١/ وێنەی (١): B. نەخێر، ناتوانێت چونکە: وەزیر X سەرباز کش..شا X وەزیر..قەڵا سێ خانە بۆلای چەپ و کش..لێرەدا قەڵای ڕەش ئەتوانێ نێوەندگیری بکات.**

**وێنەی (٢): B. نەخێر، چونکە ڕەش وەزیری سپی بە وەزیر دەخواتەوە نەک بە شا، ئەگەر بێتو بە شا بیخوات ئەوکات دۆڕاوە.**

**....**

**هەندێ لەم حاڵەتانەی داهاتوو سپی بۆ ماتکردنی ڕەش ئەو ڕێگایانە بەکار دەهێنێت کە فێری بوویت و لە هەندێکیشیان ڕێگەی دیکە بەکار دەهێنێت:**

**پ ١٢/ بە تیرێک جوڵەی ڕاستی یەکەمی سپی دیاری بکە تا بتوانێت ڕەش مات بکات..؟**




**وێنەی (١)**




**وێنەی (٢)**




**وێنەی (٣)**




و ١٢/ وێنەی(١): وەزیر X سەرباز کش..قەڵا X وەزیر..قەڵا بۆ سەرەوە و کش..قەڵای تەنیشت شا نێوەندگیری دەکات..فیل کش..دوای دوورکەوتنەوەی شا..قەڵا X قەڵا کش مات.




وێنەی (٢): دوای قەڵا X سەرباز کش..ڕەش شا X قەڵا دەکات..پاشان وەزیر چوار خانە بۆ لای ڕاست و کش و مات.




وێنەی (٣): دوای ئەم جوڵەیە قەڵای دووهەمی سپی یەک خانە بۆ لای ڕاست و کش و مات.




١.لێرەدا سپی بە جۆرێکی تر مات ئەنجام دەدات..




٢.جوڵەی یەکەم ئەم کشەیە بە ئەسپ..لەبەر ئەوەی شا هیچ جوڵەیەکی نیە بۆیە ناچار بە سەرباز ئەسپەکە بخوات..




٣.ئێستاش وەزیر کش و ماتی دەکات.

ئەم سێ حاڵەتە وادەردەکەوێ هاوشێوە بن بەڵام لە ڕاستیدا هەر یەکێکیان بە ڕێگەیەک مات ئەنجام دەدەن:

پ ١٣/ جوڵەی یەکەمی سپی بەرەو ماتی ڕەش کامەیە؟ وەڵامی ڕاست بۆ هەر یەک لەوێنەکان هەڵبژێرە...

A. کش بکات بە ئەسپ
B. وەزیر X سەرباز کش
C. وەزیر X قەڵا کش




وێنەی (١)




وێنەی (٢)




وێنەی (٣)

و ١٣/ وێنەی (١): B. وەزیر X سەرباز کش، بە دوایدا: قەڵا X وەزیر..قەڵای سپی بۆ ڕیزی کۆتایی و کش مات.
وێنەی (٢): A. کش بکات بە ئەسپ، دواتر: سەرباز X ئەسپ..قەڵا سێ خانە بۆ لای ڕاست و کش مات.
وێنەی (٣): C. وەزیر X قەڵا کش، دواتر: شا X وەزیر..قەڵا بۆ سەرەوە و کش مات.
تێبینی بکە کە کش بە ئەسپ سوودی نابێت چونکە ڕەش بە قەڵا دەیخوات و کش.
....

ئەم حاڵەتە بێ زیان دیارە بەڵام سپی توانای هەیە ماتی ڕەش بکات بە سێ جوڵە ئەویش سەرەتا بە دوور خستنەوەی شا بۆ سووچی بۆردەکە و پاشان ماتکردن بە یەکێک لەو ڕێگایانەی کە فێری بوویت:

پ ١٤/ جوڵەی یەکەم و دووهەمی سپی چیە...؟



**و ١٤/ جوڵەی یەکەم کشە بە ئەسپ، لەدوای دوورکەوتنەوەی شا جوڵەی دووهەم بریتیە لە کش بە قەڵا و خواردنی سەرباز، لەدوای خواردنی قەڵا بە شا قەڵای دووهەم چوارخانە بۆ لای ڕاست و کش و مات.**

**....**

**ئێستا تۆ کۆمەڵێک ڕێگەت بینی بۆ مات کردنی شا کاتێک کە لە سووچی بۆردەکەیە.**

**پ ١٥/ ئایا سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات؟**

**A. بەڵێ**
**B. نەخێر**

**ئەگەر ئەتوانێت بەتیرێک جوڵەی ڕاست دیاری بکە.**




**وێنەی (١)**




**وێنەی (٢)**




**وێنەی (٣)**




| | | |
|---|---|---|
| و ١٥/ وێنەی (١): A. بەڵێ، دوای: شا X وەزیر..قەڵا چوار خانە دێتە لای ڕاست و کش مات. | وێنەی (٢): A. بەڵێ، کشی ئەسپ وا لە شای ڕەش دەکات دووربکەوێتەوە و دواتر: قەڵا X سەرباز کش..شا X قەڵا..قەڵای دووهەم دوو خانە بۆ لای ڕاست و کش و مات. | وێنەی (٣): دوای ئەمە: شا X قەڵا..دواتر بە قەڵاکەی تر کش و مات دەگەیەنێت..نەک بە وەزیر چونکە گەر بجوڵێ ئەوا چاودێری خانەی (١ و ٢) لەدەست ئەدات. |

....




**پ ١٦/ لەم حاڵەتانەی سەرەوە ئایا سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات؟ A. بەڵێ B. نەخێر ئەگەر ئەتوانێت جووڵەکە دیاری بکە:**

و ١٦/ وێنەی (١): **B**. نەخێر، ناتوانێت چونکە قوربانی کردنی وەزیر سوودی نیە چونکە لەکۆتاییا فیلی ڕەش چاوەڕێی قەڵای سپی دەبێت ئەگەر کش بکات دەیخوات.




وێنەی (٢): **A**. بەڵێ، سەیری وێنەکە بکە، لەدوای کشی وەزیر شا دەجوڵێت و پاشان وەزیر دەچێتە خانەی X و کش و مات دەگەیەنێت بە ڕەش، لە یاریەکی خۆم وەرگیراوە ساڵی ١٩٥٧ لە نیویۆرک بەرامبەر ئارثەر فیورشتاین.




وێنەی (٣): **A**. بەڵێ، سەیری وێنەکە بکە، ڕەش بە ناچاری سەرباز X ئەسپ ئەکات..قەڵا ٣ خانە بۆ لای ڕاست و کش..وەزیر دەیخوات و قەڵای دووهەمی سپی دێت و وەزیر دەخواتەوە و کش و مات.

....

## پوختەی بەشی پێنج:

هێرش بۆ سەر بەرگە سەربازی بەرامبەر: لە کۆتایی ئەم بەشەدا توانای ئەوەت هەیە بە چەندین شێواز بەرامبەرەکەت مات بکەیت، ئەم حاڵەتە یەکێکە لە حاڵەتە ئاڵۆزەکان کە لە یاریەکی خۆم بوو لە پاڵەوانێتی ویلایەتە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٥٧ بەرامبەر جەیمس شیرۆن کە هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو حاڵەتانەی کە فێری بوویت لەم کتێبەدا:




نۆرەی سپیە بجوڵێت، من بە سپی (قەڵا X سەرباز)م کرد! ئەگەر بێتو ڕەش (قەڵا X قەڵا) بکات ئەوکاتە خۆی تووشی حاڵەتێکی ماتی ناچاری دەکات، بەڵام ڕەش قەڵاکەی تری جوڵاند بۆ خوارەوە و کشی کرد، من ئەتوانم قەڵا بگەڕێنمەوە و نێوەندگیری پێ بکەم و لەهەمان کاتیش ڕەش کش ئەبێت بە فیل! (کە ئەمجۆرە پێی ئەڵێن کش بە ئاشکراکردن) بەڵام شتێکی باشتر هەیە لە مێشکمدا...[6]

[6] تێبینی وەرگێڕ: ئەگەر ئەم حاڵەتەت بەلاوە ئاڵۆز بوو پێم باشترە لەسەر بۆردی خۆت دای بنێیت و لەگەڵ کتێبەکە شی بکەیتەوە.




لە جێی ئەوە بە وەزیر نێوەندگیریم کرد و کشەکەم وەستاند، لێرەدا ڕەش هەڕەشەی ئەوەی لەسەرە کە من (قەڵا X قەڵا کش مات) بکەم...




خواردنی وەزیرەکەم و کش هیچ سوودێک بە ڕەش ناگەیەنێت چونکە من بە قەڵا دەیخۆمەوە و شای ڕەش بە فیل کش ئەبێت، ئەگەر دوای کشی فیل شیرۆن بە شایەکەی بچێتە سووچەکە ئەوا قەڵا X قەڵا ماتی دەکات، ئەگەر بە قەڵاکەی نێوەندگیری بکات و کشەکە بوەستێنێت ئەوا بە قەڵای دووهەم ماتی دەکەم،




هەروەها خواردنی فیل بە وەزیر سوودی نابێ چونکە سەرەتا من قەڵا X قەڵا کش دەکەم پاشان سەرباز X وەزیر ئەمەش هێزی پێویستم پێ ئەیات بۆ بردنەوە(قەڵا و سەربازێک بەرامبەر ئەسپ)...




بەڵام ڕەش لەم حاڵەتە خراپەدا هەوڵیدا باشترین جوڵە بکات ئەویش هێنانە پێشی سەربازە بۆ تەنیشت وەزیر و خانەیەکی هەڵهاتنی بۆ شا کردەوە، منیش وەزیر X قەڵا م کرد و قەڵایەکم بردەوە و ڕەش خۆی بەدەستەوەدا! تێبینی ئەوە بکە کە ئەگەر وەزیر X وەزیر کش بکات قەڵا دێتە خوارەوە نێوەندگیری ئەکات و شای ڕەش بە فیل کش ئەبێت، دوای دوورکەوتنەوەی شاکەی..منیش بە قەڵا وەزیری دەخۆم. ئەمە کۆتایی بەشی ٥ بوو بەردەوامبە..

# بەشی شەشەم
# پێداچوونەوەی کۆتایی

ئەم وێنانە جۆرە جیاوازەکانی مات بە بیرت دەهێنێتەوە:

۱.ماتێکی سادە لە ڕیزی کۆتایی (هەموو نێوەندگیریەکان بێسوودن).




۲.ئامادەکاری بۆ مات لە ڕیزی کۆتایی ( سێ بەرامبەر دوو).




۳.لەناوبردنی یەکێ لە بەرگریکارەکانی ڕیزی کۆتایی (دوای ئەم جوڵەیە و وەزیر بە وەزیر قەڵاکانی سپی مات دەگەیەنن بە شای ڕەش).






٤.لەناوبردنی بەرگریکاری ڕیزی کۆتایی (دوای شا X قەڵا..وەزیر ئەچێتە سەرەوە و کش و ماتی شا ئەکات، چونکە ڕێگەی هەڵهاتنی لێ گرتوە، خانەی X.




٥.دوورخستنەوەی بەرگریکارێکی ڕیزی کۆتایی (بەم جوڵەیە ئەسپ ناچار ئەبێ قەڵا بخوات و دواتریش بە قەڵاکەی تر کش و مات دەکات).




٦.دوورخستنەوەی شای بەرامبەر (دوای ئەوە سپی ئەتوانێ ماتی بکات چونکە دوو بەرامبەر یەکە).




٧.لێرەدا فیل شای بەرامبەر ناچار ئەکات دوور بکەوێتەوە، دوای فیل X سەرباز کش..شا ئەچێتە سووچی بۆردەکە چونکە ناتوانێت فیل بە شا بخوات لەبەر ئەوەی بە وەزیر پارێزراوە، وە ناشتوانێ بە وەزیر بیخوات چونکە بەستراوەتەوە.

٨.ئەسپ شای ڕەش کش ئەکات و ناچاری دەکات دوور بکەوێتەوە و ڕێگە بۆ قەڵا خۆش بکات بۆ کردنی قەڵا X قەڵا کش مات.




٩.قەڵا شا ناچار دەکات دوور بکەوێتەوە و ڕێگە بۆ وەزیر خۆش بکات بۆ کردنی وەزیر X وەزیر کش مات.




١٠.ئەسپی سپی شای ڕەش کش دەکات و دووری دەخاتەوە بۆ سووچی بۆردەکە بۆ ئەوەی وەزیر X وەزیر کش مات بکات، خۆ ئەگەر ڕەش هەوڵی دواخستنی ئەمە بدات بە سەرباز X ئەسپ ئەوا قەڵا سێ خانە دێتە لای چەپ و کشی لێدەکات و بە ناچاری دووری ئەخاتەوە و وەزیر X وەزیر کش مات هەر دەبێ ڕوو بدات.



١١.وەزیر خۆی دەکاتە قوربانی، دواتر ڕەش وەزیر بە وەزیر دەخوات و دەبەستریێتەوە بەهۆی فیلەوە! ئێستاش قەڵا بە ئاسانی ئەتوانێ ماتی ڕەش بکات.




١٢.وەزیر خۆی دەکاتە قوربانی، قەڵای ڕەش وەزیر دەخوات..قەڵای سپی کش دەکات..قەڵای ڕەش دێتەوە جێی خۆی بۆ نێوەندگیری..ئەوجا فیل کش دەکات و شای ڕەش ناچاری دوورکەوتنەوە دەکات و پاشان قەڵا X قەڵا کش مات.




١٣.وەزیر خۆی دەکاتە قوربانی، ڕەش وەزیر X وەزیر دەکات..قەڵا کش دەکات..وەزیر نێوەندگیری دەکات..ئێستاش قەڵا X قەڵا کش مات.



١٤.دوای قوربانی وەزیر..شای ڕەش وەزیر دەخواتەوە..دواتر قەڵا کش و ماتی دەکات، (تیبینی بکە شای ڕەش بەهۆی سەربازەکانی خۆیەوە ڕێگەی هەڵهاتنی نەماوە).




١٥.گرتنی شای ڕەش، لەدوای کشی ئەسپ شا ناچارە بچێتە سووکەوە و پاشان سپی وەزیر دەکاتە قوربانی بە وەزیر X سەرباز کش و دواتریش بە قەڵا ماتی دەکات.




١٦.بە کشی ئەسپ ڕەش ناچارەبێ بە سەرباز بیخواتەوە و دواتر قەڵا ماتی دەکات.






بەرگری کردن: پێکەوە پێداچوونەوەیەک دەکەینەوە بە چەند جۆرێکی بەرگری کردن لەدژی چەن هێرشێکی جۆراوجۆر:

١.وەزیری سپی کشی کردوە و پێویستە ڕەش بە وەزیر بیخواتەوە، (ئەگەر بە قەڵا بیخوات سپی ماتی دەکات).




٢.ئەبێت ڕەش قەڵای سپی بە قەڵا بخواتەوە نەک بە شا، (ئەگەر بە شا بیخوات بواری مات بە سپی دەدات).




٣.پێویستە وەزیری ڕەش نێوەندگیری بکات بۆ وەستاندنی کشەکە، ئەگەر بێتو بە قەڵا بیخوات سپی ماتی دەکات.




٤.سپی قوربانی کردنی وەزیری سەرکەوتوو نەبوو، (قەڵا X وەزیر..قەڵای سپی بۆ سەرەوە و کش..ئەو قەڵایەی کە وەزیری خوارد دەگەڕێتەوە جێی خۆی و نێوەنگیری دەکات کشەکە دەوەستێنێت..ئێستاش کشی فیل هیچ سوودێکی نیە.

## سێ ڕێگەکەی وەستاندنی کشت لەبیر بێت:

١.نێوەنگیری کردن، (لەنێوان شا و ئەو داشەی کە کشی کردوە).




٢.خواردنی ئەو داشەی کە شای کشی کردوە.




٣.هەڵهاتنی شا بۆ خانەیەکی بێ کێشە و سەلامەت.






بەستنەوەت لە بیر بێت: (تیرەکانی ئەم سێ حاڵەتە مانای خواردن یان جووڵە نادات بەڵکو مانای بەستنەوە دەدات)

١.شای ڕەش مات بووە، فیل بەستراوەتەوە ناتوانێت ئەسپ بخوات، هەر داشێک بە شا بەسترایەوە ناتوانێت بجووڵێت.




٢.قەڵای سپی ناتوانێت بچێتە سەرەوە ڕەش مات بکات چونکە بەستراوەتەوە.




٣.هەر چەندە قەڵای سپی بەستراوەتەوە بەڵام هێشتاش پارێزەری وەزیرەکەیەتی بۆیە کش و مات ڕوویداوە.

**تاقیکردنەوە:** ئێستا تۆ ئامادەیت کە توانا و کارامەییت تاقی بکەیتەوە لە هەموو ئەو بیرۆکانەی کە فێری بوویت لەسەر کۆمەڵێک حاڵەتی ئاڵۆز، هەندێک لەم حاڵەتانە قورسن ئەبێ تۆ بڕیار بدەیت لەهەر یەکێکیان کە ئایا سپی توانای ماتکردنی ڕەشی هەیە یان نا، لەهەندێکیان ناتوانێت، ئەگەر توانای هەبوو ئەوا جووڵەی ڕاستی یەکەمی سپی بە تیرێک دیاری دەکەیت.

**پ ١/ سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات؟ ئەگەر ئەتوانێت جوڵەی ڕاستی یەکەم دیاری بکە:**




**پ ٢/ سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات؟ ئەگەر ئەتوانێت جوڵەی ڕاستی یەکەم دیاری بکە:**












| | | |
|---|---|---|
| و ١/ ئەتوانێت، وەزیر X سەرباز کش..قەڵا X وەزیر..قەڵا بۆ ڕیزی کۆتایی و کش..قەڵا X قەڵا..قەڵا X قەڵا کش مات. | ئەتوانێت، سەربازی ڕەش بەستراوەتەوە بۆیە ناتوانێت وەزیر بخوات و شای ڕەش مات بووە!. | ناتوانێت. |










| | | |
|---|---|---|
| و ٢/ ئەتوانێت. | ئەتوانێت، تێبینی بکە کە سەرباز بەستراوەتەوە و ناتوانێت ئەسپ بخوات، شاش ناتوانێ بچێ بە هیچ لایەکدا و خانەی هەڵهاتنی لە لایەن وەزیرەوە گیراوە. | ناتوانێت، چونکە ڕەش وەزیری سپی بە قەڵا دەخوات و پاشان بە فیل دەگەڕێتەوە و نێوەندگیری دەکات. |

## پ ٣/ سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات؟ ئەگەر ئەتوانێت جوڵەی ڕاستی یەکەم دیاری بکە:










## پ ٤/ سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات؟ ئەگەر ئەتوانێت جوڵەی ڕاستی یەکەم دیاری بکە:












و ٣/ ئەتوانێت، دوای شا X وەزیر..قەڵا خانەیەک دێتە لای ڕاست و کش دەکات..نێوەنگیری فیل بێسوودە و ڕەش مات بوە.




ئەتوانێت، سەرەتا شا دوور ئەخاتەوە و دواتر وەزیر دەکاتە قوربانی و دوای ئەوە بە قەڵا ماتی دەکات.




ناتوانێت، دوای ناچارکردنی شا بە دوور کەوتنەوە ئەوا دواتر خانەیەکی هەڵهاتنی هەیە و هەرەشەی مات دەوەستێ




و ٤/ ئەتوانێت، سپی قەڵا X قەڵا کش دەکات..دوای خواردنەوەی لەلایەن شاوە وەزیر دێت و کش دەکات.. ئەسپ دێتە نێوەنگیری.. پاشان شا ناچار ئەکرێ دوور بکەوێتەوە بە فیل یان بە وەزیر و دواتریش وەزیر X ئەسپ کش مات.




ئەتوانێت، وەزیر X قەڵا کش..شا X وەزیر..قەڵا بۆ خانەی (X) کش..وەزیر نێوەندگیری دەکات..قەڵا X وەزیر کش مات.




ئەتوانێت، وەزیر X سەرباز کش مات!.

## پ /٥ سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات؟ ئەگەر ئەتوانێت جوڵەی ڕاستی یەکەم دیاری بکە:










## پ /٦ سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات؟ ئەگەر ئەتوانێت جوڵەی ڕاستی یەکەم دیاری بکە:












و ٥/ نـاتوانێت، ڕەش هێزی پێویستی هەیە بۆ بەرگری لەڕیزی کۆتایی.




ئەتوانێت، دوای کشی قەڵا.. شا X قەڵا..دواتر وەزیر دەچێتە خانەی (X)ـەوە و کش مات.




ئەتوانێت، دوای ئەسپ X وەزیر..قەڵا دێتە ڕیزی کۆتایی و کش




و ٦/ ئەتوانێت، دوای کشی ئەسپ ڕەش سەرباز X ئەسپ ئەکات..قەڵا دوو خانە بۆ لای چەپ کش..شا ناچارەبێت بچێتە سووچەکە و سپیش وەزیر X قەڵا کش مات دەکات.




ئەتوانێت، دوای ئەم جوڵەیە قەڵای ڕەش دەیخواتەوە..وەزیر بۆ ڕیزی کۆتایی و کش..قەڵا X وەزیر..قەڵا X قەڵا کش مات، فیل خانەی (X)ـی لە شا گرتوە، ئەگەر سەرەتا وەزیری ڕەش نێوەندگیری بکات لەجیاتی خواردنی قەڵاکە هیچ سوودی نابێت.




نـاتوانێت، دوای کشی وەزیری سپی ڕەش بە وەزیر نێوەنگیری دەکات، بەڵام ئەگەر بە قەڵا بیخوات ئەدۆڕێت و مات دەبێت.

## پ /٧ سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات؟ ئەگەر ئەتوانێت جوڵەی ڕاستی یەکەم دیاری بکە:










## پ /٨ سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات؟ ئەگەر ئەتوانێت جوڵەی ڕاستی یەکەم دیاری بکە:










**بۆ وێنەی (٢٢) ئایا ڕەش ئەتوانێت سپی مات بکات؟ ئەگەر ئەتوانێت جوڵەکە دیاری بکە:**




و ٧/ ئەتوانێت، بەم جوڵەیە ڕەش ناچار کراوە کە قەڵا X وەزیر بکات .. سپیش قەڵا دەباتە ڕیزی کۆتایی و کش مات.




ئەتوانێت، وادەرەکەوێ کەمێک قورس بێت و سپی نەتوانێ مات بکات بەڵام دوای ئەم جوڵەیە ڕەش قەڵا X قەڵا دەکات..قەڵا X قەڵا کش..فیل X قەڵا..ئێستاش سپی بە وەزیر دەچێتە خانەی (X) و ڕەش مات دەکات.




ناتوانێت.




و ٨/ ئەتوانێت، لە یەکێک لە یاریەکانی خۆم وەرگیراوە.




ئەتوانێت، بەم جوڵەیە ئەسپ ناچار کرا دووربکەوێتەوە بەخواردنی وەزیر، دواتر قەڵای سپی دێتە ڕیزی کۆتایی و کش دەکات و ڕەش تەنها یەک نیوەنگیری بێسوودی هەیە و دواتر کش مات.




ئەتوانێت، دوای ئەمە ڕەش شا X وەزیر دەکات..قەڵای دەستە چەپ بۆ ڕیزی کۆتایی و کش..ئەسپ نیوەنگیری دەکات..قەڵا X ئەسپ کش مات.

**ئەم حاڵەتە لە یەکێک لە یاریەکانی خۆمە لەگەڵ (بێنکۆ) ساڵی ١٩٦٢:**




**کۆتا پرسیار، پ ٩/ ئایا سپی ئەتوانێت ڕەش مات بکات؟**

**A.** بەڵێ
**B.** نەخێر




و ۹/ A. بەڵێ ئەتوانێت، ئەو سەربازەم خوارد بە کشەوە، ئەگەر ڕەش سەرباز X وەزیر بکات ئەوا بە ئەسپ ماتی دەکەم، ئەگەریش شا بجوڵێنێت ئەوا بە وەزیر X سەرباز کش ماتی دەکەم، بۆیە لەدوای ئەم جوڵەیە بەرامبەرەکەم خۆی دا بەدەستەوە.

....

ووتەی کۆتایی:
ئەمە کۆتایی یەکێکە لەو یاریانەی کە یارمەتیدەرم بوو بۆ بردنەوە و بەردەوام بوونم لە پاڵەوانێتی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە مانگی ١٢ـی ساڵی ١٩٦٥ بەڕێوەچوو، لەم وێنەیەدا باسی دەکەین:




من(سپی) بە جوڵەیەکی تێکشکێنەر بەرامبەرەکەم ناچار کرد کە خۆی بە دەستەوە بدات، ئەتوانی خۆت تاقی بکەیتەوە کە ئایا ئەو جوڵەیە دەبینیت یان نا، بێگومان جوڵەیەکی لەم جۆرە دۆزینەوەی قورسە چونکە لە کۆتاییدا ڕەش لە مات دەربازی دەبێت بەڵام...




ئەو جوڵەیەی کە وای لە ڕەش کرد خۆی بەدەستەوە بدات بریتیە لە جوڵانی وەزیر بۆ ڕیزی کۆتایی و خانەی (X)! ، تاکە هەلی ڕەش ئەوەیە کە قەڵا X وەزیر بکات، (ئەگەر بە ئەسپ نێوەندگیری بکات ئەوا بە سەرباز دەیخۆم و پلەی بەرزدەکەمەوە بۆ وەزیر و کش، و لە جوڵەی دواتر ماتی دەکەم)، بەڵام خواردنی وەزیر بە قەڵا بوار بە فیل دەدات کش بکات و ڕەش لە پێناوی ئەمەدا ئەبێ قەڵا و وەزیرەکەش دابنێت! دوای کشەکە و خواردنی وەزیر بە قەڵا بەم جۆرە:

فیل کش..قەڵا نێوە گیری دەکات..فیل X قەڵا کش..وەزیر X فیل..سەرباز X وەزیر

حاڵەتەکە بەم جۆرەی لێدێت:




ئێستاش سپی دوو سەرباز و قەڵایەکی هەیە بەرامبەر ئەسپێکی ڕەش، جگە لە سەرکەوتنی ماددی سپی ئەتوانێت یەکێک لەو دوو سەربازە پلەی بەرز بکاتەوە.

(بە شێوازێکی ئاسایی زۆربەی کتێبەکانی شەترەنج دەتخاتە ڕۆڵێکی نەرێنیەوە چونکە وا لێت چاوەڕوان دەکرێ کە هەموو بابەتەکانی بخوێنیت و لەبەریان بکەیت و لەبیرت بێت بەڵام ئەم کتێبەی من بابەتەکانت پێشکەش دەکات وەک مامۆستایەکی تایبەت و داوات لێدەکات کە ئەم بیرۆکانە بەکاربهێنیت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و چالاکانە لەڕێگەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانەوە کە تێیدایە، دوای وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارێک زۆر بەسادەیی وەڵامە ڕاستەکە دەدۆزیتەوە لەگەڵ شیکردنەوەکەی، بەم ڕێگایە بابەتەکان بەتەواوی تێدەگەیت و فێر دەبیت، سیستەمی بەکارهاتوو لەم کتێبەدا بیرۆکەیەکی تازەیە لە فێرکردندا کە پێشتر لە بواری پیشەسازی و خوێندنگەکان بەکارهاتوە و ئەنجامی نایاب و سەرکەوتووی هەبوە، تۆ ئەتوانی بە شێوەیەکی خێرا زانیاری و بابەتەکان وەربگریت و فێریان ببیت و زۆر باشتر لە کتێب و وانە سەرەتاییەکان تەنانەت ئەوانەش کە سەرەتایانە ئەتوانن ئەوەی من فێریان ئەکەم بێتەوە یادیان و ڕاستەوخۆ بەکاری بهێنن).

فیشەر.

# پێڕست:


- پێشەکی.... (٢)
- ووتەیەک لە بۆبی فیشەرەوە.... (٢)
- کورتەیەک لەسەر ژیانی بۆبی فیشەر.... (٤)
- پێشەکی چۆن یاری شەترەنج دەکەیت؟.... (٥)
- بەشی یەکەم پێکهاتە بنچینەییەکانی کش و مات.... (١٩)
- بەشی دووهەم کش و مات کردن لە ڕیزی کۆتایی.... (٥١)
- بەشی سێهەم بەرگریکردن لەڕیزی کۆتایی و جۆرەکانی.... (٦٧)
- بەشی چوارەم دوورخستنەوەی پاسەوانەکان.... (٨٢)
- بەشی پێنجەم هێرش بۆسەر بەرگە سەربازی شای بەرامبەر.... (١٠١)
- بەشی شەشەم پێداچوونەوەی کۆتایی.... (١٢٤)

سپاس بۆ خوای مەزن تەواوم کرد لە بەرواری (٢٧ـی ٦ـی ٢٠٢٢) (١:١٣ شەو) ، بۆ هەر سەرنج و تێبینیەک، بۆ هەر ڕەخنە و پێشنیارێک پەیوەندیم پێوە بکە لەم ناونیشانانەوە:

**Facebook: Madara Kurdish**
**Viber: 0773 153 25 65**
**Gmail: kazuyamishima364@gmail.com**

ووتەی کۆتایی و ئامۆژگاریم هەم بۆ خۆم و هەم بۆ ئێوەی بەڕێزیش ئەوەیە کە تکایە با بەهۆی شەترەنج بەگشتی و ئەم کتێبەوە بەتایبەتی لە یادی خودا و نوێژەکان بێ ئاگا نەبین.

محمد محمود ڕەشید.